# ئایین و ئەفسانە وەك دوولایەنی نەستی گشتی لە ڕۆمانی ''وازییەکانی ڕەشە گۆم''ی کاکە مەم بۆتانیدا

**ID No. 3237**

(PP 96 - 116)

https://doi.org/10.21271/zjhs.24.3.7

**مزەفەر مستەفا ئیسماعیل**	**سیروان جەبار ئەمین (زەند)**

بەشی کوردی - فاکەڵتی پەروەردە / زانکۆی سۆران

mudtafar.ismahil@soran.edu.iq	sirwan.amin@soran.edu.iq

**وەگـــــــرتن : 2019/10/06**

**پەسندکردن : 2020/06/22**

**بڵاوکردنەوە : 2020/10/28**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی"ئایین و ئەفسانە وەك دوو پێکهاتەی نەستی گشتی لەڕۆمانی (وازییەکانی ڕەشەگۆم)ی کاکەمەم بۆتانی"ە تێیدا باسی نەستی گشتی کراوە کە مەبەست لێی ئەو داب و نەریت و یادەوەرییانەی مرۆڤە کەلەسەردەمانی زوو هەتا دەگاتە ئێستا نەوە لەدوای نەوە لەڕێگای ئەو نەستە و بە نائاگایی بۆمان گوازراوەتەوە و بەردەوامیش دەبێت.

کارل گۆستاڤ یۆنگ ئەوزانایە بوو کە ئەو جۆرە نەستەی دۆزییەوە، ئەوزانایە باوەڕی وابوو کە کۆمەڵێك یادەوەری و بۆماوەیی تایبەت لە زەینی بوونەوەری مرۆییدا هەیە و دەگەڕێتەوە بۆسەردەمە زۆر دێرینەکان و بەتەرزە سەرەتاکان ناودەبرێن، ئایین و ئەفسانە دوو لەو پایە گرنگانەن کە ئەو دابونەریت و بۆنە ئایینی و کۆمەڵایەتییانە بۆنەوەکانی داهاتوو دەگوازنەوە.

توێژینەوەکە لەسێ بەش و چەند تەوەرەیەك پێکهاتووە لە بەشی یەکەمدا چەمك و پێناسەکانی نەستی گشتی ڕوونکراوەتەوە و پاشان بە کورتی تیشکخراوەتە سەر چەمك و پێناسەکانی ئایین و ئایینی کۆنی کورد، لە بەشی دووەمدا چەمك و پێناسەکانی ئەفسانە باسکراوە و ئەفسانەی کوردیش لێیکۆلراوەتەوە، لەبەشی سێیەمدا ئەو دوو پایە گرنگە کە ئایین و ئەفسانەن لە ڕۆمانەکەدا پراکتیك کراون.

**وشە کلیلەکان:** نەستی گشتی، ئایین، ئەفسانە، دەروناسی.

## پێشەکی

لە سەردەمانی کۆندا سەرچاوەی زۆربەی کار و هەڵسوکەوتەکان وتو وێژو ململانێی نێوان هەست و سۆزو عەقڵ بووە، بەڵام بەپێی تیۆرە دەروونناسییەکەی کارل گوستاڤ یۆنگ سەرچاوەیەکی تریش بۆکار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ هەیە و ئەم سەرچاوەیە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لە ژیانی کەسەکاندا هەیە کە ئەویش نەستی گشتییە. نەستی گشتی ئەو خانەی زانیارییە شاراوەیە کە نەتەوە یان کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان هاوبەشن تێیاندا و بەشێوەیەکی شاراوە و نادیار کاریگەریی لەسەر ژیان و هەڵسوکەوتی هەموویان هەیە. ئاین و ئەفسانە دوو سەرچاوەی دەرکەوتنی ئەم نەستەن و ئێمەش لەم رۆمانەدا هەوڵمانداوە کە لەم رێگەیە باسەکانی پەیوەست بە ئاین و ئەفسانەوە شوێنپێی نەستی گشتی دەستنیشان بکەین.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی {ئایین وئەفسانە وەك دوو پێکهاتەی نەستی گشتی لەڕۆمانی (وازییەکانی ڕەشەگۆم)ی کاکەمەم بۆتانی }دا. توێژینەوەیەکی شیکاری ڕەخنەییەلەم توێژینەوەیەدا باسی نەستی گشتی کراوە کە مەبەست لێی ئەو داب و نەریت و یادەوەرییانەی مرۆڤە کە لەسەردەمانی زوو هەتا دەگاتە ئێستا نەوە لەدوای نەوە لەڕێگای ئەو نەستە و بە نائاگایی بۆمان گوازراوەتەوە و بەردەوامیش دەبێت.

کارل گۆستاڤ یۆنگ (1875_1961) ئەو زانایە بوو کە ئەو جۆرە نەستەی دۆزییەوە، سەرەتا ئەو قوتابی و پاشان هاوڕێی فرۆید بوو ، دواتر لێی جیابۆوە و قوتابخانەی سایکۆلۆژیای شیکاری دامەزراند، ئەو زانایە باوەڕی وابوو کە کۆمەڵێك یادەوەری و بۆماوەیی تایبەت لەزەینی بوونەوەری مرۆییدا هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە زۆر دێرینەکان و بەتەرزە سەرەتاکان ناودەبرێن، ئایین و ئەفسانە دوو لەو پایە گرنگانەن کە ئەو داب و نەریت و بۆنە ئایینی و کۆمەڵایەتییانە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەگوازنەوە.

توێژینەوەکە لەسێ بەش و چەند تەوەرەیەك پێکهاتووە لە بەشی یەکەمدا چەمك و پێناسەکانی نەستی گشتی ڕوونکراوەتەوە وپاشان بە کورتی تیشك خراوەتە سەر چەمك و پێناسەکانی ئایین و ئایینی کۆنی کورد، لە بەشی دووەمدا چەمك و پێناسەکانی ئەفسانە باسکراوە و ئەفسانەی کوردیش لێی کۆڵراوەتەوە، لە بەشی سێیەمدا ئەو دوو پایە گرنگە کە ئایین و ئەفسانەن لە ڕۆمانەکەدا جێبەجێ کراون. لەکۆتاییشدا چەند ئەنجامێك و لیستی سەرچاوەکانمان خستۆتە ڕوو.

**1 چەمك پێناسەکانی نەستی گشتی**

**1.1. نەستی گشتی (Collective unconscious)**

نەست یان نائاگایی جگە لە تاکە کەسی، گشتیشی هەیە و کە جیاوازە لەوەی یەکەم، لە فەرهەنگی (Cambridge) هاتووە: ((بێ ئاگایی: بێ هۆشی ئەگەر وەکو هاوەڵناو بەکاری بهێنیت ،هەروەك ئەوەی خەوتووی یان بێ هۆشی، بۆ نموونە: ئەو لێی دراو بێهۆش بوو، لە لایەکی ترەوە بیری بێ هۆشی ئەوەیە نازانی کە هەتە، واتە تۆ هەست بەم بێهۆشییە ناکەیت، خۆتت پێ وریایە، وەکو ناویش واتا ئەو بەشەی مێشك، کە بیر و هەستی تێدایە و تۆ دەربارەی نازانی و کاردەکاتە سەر شێوازی ڕەفتارت.)). (Kate wood ford: Cambridge learner's dictionary: p763). واتە مەبەست لەم چەمکە بە پێی ئەم ڕوونکردنەوەیەی سەرەوە بێت نەستی گشتی شوێنێکی بایۆلۆجی لەناو مێشك داگیر کردووە و کاری پاراستنی بۆماوەییە، لە لایەکی ترەوە نائاگایی وەکوئەوە وایە کە لەخەودابیت یان بێهۆش بیت.

ئەم زاراوەیە لە ماڵپەڕی Encyclopedia Britannica (2020)دا هاتووە: ((زاراوەی نەستی گشتی: کە دکتۆر یۆنگ پێشکەشی کردووە بۆ نمایشکردنی شێوەیەك لە شێوەکانی نەست ئەو بەشەی ئەقڵ لە یادەوەری و لێدانەکان پێکدێت کە تاك درکیان پێ ناکات. واتە واتێکی ـــ شائعة ـــ یەکی هەموو مرۆڤایەتییە لە بنیادی بۆماوەیی مێشك گەشە دەکات، ئەو جیاوازە لە نەستی تاکە کەسی کە لە ئەزموونی تاك دروست دەبن، بەڕای یۆنگ خۆی نەستی گشتی لە نموونە و وێنەی بیرە جیهانییە ئەساسییەکان پێکدێت)).

ئەمەش واتای ئەوەیە کە نەستی گشتی پەیوەندی بە کۆ ئەزموونی کۆمەڵگاوە هەیە، نەك ئەزموونی تاکە کەسی بۆیە((نەستی گشتی: لە دەروونناسی یۆنگیدان تەواوی پێکهاتە بۆماوەییەکانی مێشك لە ڕێڕەوی پەرەسەندنی پێش مرۆڤایەتی و پێشبینییەکانی مرۆڤ پێکهاتووە کە شوێنەواری ئەزموونە زۆر دووبارە بووەوەکانیان جێهێشتووە لە شێوەی نموونەیەك (وێنایەك) یا پێکهاتەیەکی ڕێکخراو کە دەکرێ وەك ئەگەرێکی بۆماوەیی چاویان لێ بکرێ بێ ئاگایی گشتی توانستی وەرگرتنمان (تێگەیشتن) دیاری دەکات، وە کاتە گۆڕییەکانی دەستنیشان کردووە بە ئەزموونە لەبارەکان، شێواز و غەریزە ڕەفتارییەکان بۆ وەڵامدانەوە و پاڵنەرێك بۆ بەرەوپێشبردنی هەموو توانستە بۆماوەییەکانی تاك، کە درك پێکردنێکی تەواوی تاکە.

ئەمە جیاکراوەتەوە لە بێ ئاگایی کەسی، کە بیرێکی (زاکیرەیەکی) خۆگر و کپکراو و لاواز و لە یادکراو دەگرێتەوە، هەروەها تێگەیشتن و هەستکردنێکی ڕێکخراوی تاکیی دەگرێتەوە، هەروەها پێشی دەوترێ بێ ئاگایی ئەودیو (سەروو) کەسی.))
David Matsumoto: The Cambridge Dictionary Of Psychology:2009: p 118))

کەواتە لە زمانی ئینگیزیدا زاراوەی نەستی گشتی بۆ ئەو سیفەت و دابونەریتانە بەکارهاتووە کە لە باب و باپیرانەوە پشتاوپشت بۆمان ماونەتەوە.

**2.1. بەکارهێنانی زاراوەی نەستی گشتی لەلای توێژەرانی کورد**

لەناو ئێمەی کوردیشدا ئەم وشەیە بۆ هەمان مەبەستی نەستی گشتی بەکارهاتووە، بەڵام بە وشە و دەستەواژەی جیاواز، ئەو توێژەرە ئەکادیمیانەی کە توێژینەوەیان لەم بارەیەوە ئەنجامداوە، جا توێژینەوەکان زانکۆیی بن یان نا، ئەوا بۆ ئێمە جێگەی بایەخە و لە خوارەوە باسیان دەکەین.

ـــ دکتۆر عادل گەرمیانی نەستی کۆمەکی بەکارهێناوە، کە لە گۆڤاری ڕاماندا ژمارە (97)ی ڕێکەوتی 2005/6/5 لە وتارێکیدا بە ناوی (پێوەندی ڕەخنەی دەروونی بە دەق و داهێنانی ئەدەبی) باسی لێوە دەکات و دەڵێت: ((کارل گۆستاڤ یۆنگ وەك شاگردێکی فرۆید خاوەن جۆرە بۆچوونێکی تایبەتی خۆیەتی لە بواری دەرونناسیدا جەختی لەسەر چەشنە ڕەسەنەکانی مەعریفەت و ئەدەبی دەکرد، کەوا لە نەستی مرۆڤدا کۆدەبنەوە هەروەها بە لایەوە نەستی کۆمەکی کاریگەرترە لە پێکەوەنانی کەسایەتی دەروونی مرۆڤ)). (گەرمیانی، ڕامان، 2005: 22).

ـــ دکتۆرموحسین ئەحمەدعومەر زاراوەی (نائاگایی گەلەکی یان دەستە جەمعی) بەکارهێناوە کە دەڵێت: (( سەردەمی ساوایی و منداڵی و هەرزەکاری، هەر هەمووی بە نائاگایی گەلەکی یان دەستە جەمعی دەورەدراوە)). (عومەر، ڕامان، 2006: 113).

ــ كەریم شەریف قەرەچەتانی زاراوەی (كۆ نەست)ی بەكارهێناوە وەك خۆی دەڵێت: ((كۆ نەستی یەكێكە لە گرینگترین داهێنانەكانی یۆنگ و مشتومڕێكی زۆری لەسەرە و لە هەموو بەش و سیستمەكانی دیكەی كەسایەتی بە هێزترە)). (قەرەچەتانی، كاروان، 2005: 137).

ــ هاوژین صلیوە لە نامەی دكتۆراكەیدا بە (كۆ نەست) و (نا ئاگایی بە كۆمەڵ)ی بەكارهێناوە و دەڵێت: ((یۆنگ بە هێنانە ئارای بیرۆكەی (كۆ نەست) لێكۆڵینەوەكانی دەوڵەمەند كرد و فرەڕەهەندی بە جیهانی (نەست) بەخشی... لە هەمان لاپەڕەدا نووسەر بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ئەم نائاگایی بە كۆمەڵە لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر دەگوازرێتەوە و بە بەردەوامی لە نێو تاكەكاندا بوونی دەبێت)). (صلیوە، 2013: 77).

ــ هەروەها كەمال میراودەلی زاراوەی (بێئاگایی بە كۆمەڵ) و (بێئاگایی هەمووان)ی بەكارهێناوە و دەڵێت: ((هونەرمەند لای یۆنگ مرۆڤێكی ئاسایی نییە كارەكان لە ئەقڵ و تێبینییەوە ئەنجام بدات، بەڵكو ئامرازێكە بەدەست هێزێكی بێئاگایی گەورەوە كە ئەویش بێئاگای بە كۆمەڵییە یان (بێئاگایی هەمووان)ە.)). (میراودەلی، 2005: 265).

ــ هەڵمەت بایز ڕەسول زاراوەی (نەستی كۆ)ی بەكارهێناوە، لە نامەی ماستەرەكەیدا دەڵێت: ((نەستی كۆ وەك ئەمبار گەلێكی بارە چەپێنراوەكان یۆنگی جیاكردەوە لە فرۆید، نەستی كۆ بە لای یۆنگەوە سەرچاوەی داهێنانی ئەدەبییە)). (ڕەسول، 2012: 46).

ــ پێشڕەو عەبدوڵلا لە نامەی ماستەرەكەیدا زاراوەی (نەستی كۆ)ی بەكارهێناوە، دەڵێت: ((یۆنگ زۆر دوورتر ڕۆیشت و قوڵتر سەیری بابەتەكانی كرد و چەمكی (نەستی كۆ)ی هێنایە ئاراوە كە هەموو مرۆڤایەتی تێدا بەشدارن)). (عەبدوڵلا، 2012: 20).

ــ ڕێبوار محمد مەلازادە زاراوەی (نا ئاگایی كۆ)ی بەكارهێناوە، ((بۆ شیكردنەوەی مرۆڤ و كاری ئەدەبی و هونەری بەكاری هێنا وەك تاكە بنەمای سەرەكی پشتی پێ بەست (نا ئاگایی كۆ) بوو)). (مەلازادە، 2016: 268).

ــ عەبدولخالیق یەعقوبی لە وەرگێڕانی كتێبی (ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەكان)یدا دەنووسێت: ((بە پێی گوتەی یۆنگ، دەروونی مرۆڤ لە سێ بەش پێكدێ: خود ئاگا، نا خود ئاگای تاك و نا خود ئاگای كۆ، خود ئاگا یان حاڵەتی بێداری، ڕاستەوخۆ دەكەوێتە ژێر كاریگەرێتی نا خود ئاگاوە)). (بیرێسلێر، 2007: 177).

هەندێك لە توێژەران یەك زاراوەیان بەكارهێناوە، ڕەنگە ئاگاشیان لە یەكتری نەبێت و زۆربەشیان (نەستی كۆ)یان بەكارهێناوە.

ـ ئاوات ئەحمەد كە وەرگێڕێكی كوردە، (مرۆڤ و هێماكانی) یەكێكە لە كتێبە وەرگێڕدراوەكانی كە دانراوی كارل گۆستاڤ یۆنگە، لەم وەرگێڕانەدا زاراوەی (نا ئاگایی دەستەجەمی) بەكارهێناوە، وە دەڵێت: ((یۆنگ زۆر لە فرۆید زیاتر چووە ناو قووڵاییەكانی نا ئاگاییەوە و گەڕایەوە بۆ سەراتاكانی ئەقڵی مرۆیی سەرەنجام زاراوەی نا ئاگایی دەستەجەمی داهێنا)). (یۆنگ، 2005: 10).

ــ سابیربۆكانی لە كتێبی خۆیدا بە ناونیشانی (لەنێوان هەست و نەستدا) زاراوەی (كۆ نەست)ی بەكارهێناوە، ((یۆنگ 1875ــ1965 ئەم زانایە داهێنان بە كۆ نەستەوە (لا شعور الجمعي) دەبەستێتەوە كە ئەویش بریتییە لە سەرجەم بابەتەكانی میسۆلۆژیا)). (بۆكانی، 2006: 69).

ــ ڕێزان عەلی ئیبراهیم كە مامۆستایەكی زانكۆی سەلاحەددینە، لە كۆلێژی پەروەردە لە وتارێكیدا هەردوو زاراوەی (نا ئاگایی بە كۆمەڵ و نا وشیاری بە كۆمەڵ)ی بەكارهێناوە هەر وەك خۆی دەڵێت: (( یۆنگ بۆ ئەوە دەچێت كەوا ناوشیاری بەكۆمەڵ واتای وانییە كەوا ئێمە شارەزاییەكانی ڕابردووی باو باپیرانمان وەك خۆی وەردەگرین.... ئەوەی تاكە كەس فێری دەبێت تا ڕادەیەكی زۆر نا ئاگایی بە كۆمەڵ كاری تێدەكات)). (ئیبراهیم ، ڕامان، 2000: 220).

ــ ڕێبین خەلیل كە ئەمیش مامۆستایەكی زانكۆی سەلاحەددینە زاراوەی (نا ئاگایی گەلەكی) بەكارهێناوە ئەو نووسیویەتی: ((لە پاڵ نا ئاگایی تاك كە فرۆید دایهێنا و گرینگی پێدا ئەو واتا یۆنگ نا ئاگایی گەلەكی داهێنا بە بڕوای یۆنگ نا ئاگایی گەلەكی لە نا ئاگایی تاكی بەهێزترە)). (ڕێبین خەلیل: ڕامان: 2011: 58).

ــ سۆران مامەند عەبدوڵلا لە نامەی ماستەرەكەیدا بە ناونیشانی (نوستالژیا لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا) دەڵێت: ((لەم جۆرە بیرەوەرییانە، كە بیرەوەری گشتین، گرینگی بە بێئاگایی نەتەوەیی دەدرێت)). لە شوێنێكی تردا دەڵێت: ((نا ئاگایی گشتی لە نێوان هەموو مرۆڤەكاندا هاوبەشە بە شێوەی هەمیشەیی لە خۆیدا هەڵدەگرێ)). (عەبدوڵلا، 2016: 125).

ــ سامان عیزەدین سەعدون لە نامەی دکتۆراکەیدا زاراوەی (نەستی کۆمەکی) بەکارهێناوە هەروەك باسی دەکات و دەڵێت: ((یۆنگ نەستی کۆمەکی کردە سەرچاوەی داهێنان، کە هەموو نموونە باڵا سەرەتایی و کۆنەکان و هەموو ئەوانەی لە کۆنەوە ماونەتەوە، تیایدا ڕۆڵیان هەیە و مۆرکی هەموویانی پێوە دیارە.)). (سەعدون،2015: 104).

نەستی گشتی یان نائاگایی کە هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی تێیدا بەژدارن، بە داهێنراوی کارل گۆستاڤ یۆنگ دادەنرێت لەمر بارەیەوە یۆنگ قوڵتر و دوورتر لە فرۆید بیری کردەوە و وردتر لێی ڕوانی بەوەی ڕابردووی سەرەتای مرۆڤایەتی دەبێتە بنەمای یەکەمر بۆ دەروونی تاك و ئاراستەی ڕەفتاری دەکات و کاریکەریشە لەسەر دەبێت. ((نائاگایی گەلەکی یان دەستە جەمعی بریتییە لەو نائاگاییەی کە ڕابردووی تاك و کۆمەڵانی خەڵك دەگرێتەوە، لە ڕووی ڕەگەز و نەژاد و بنچینە وە بگرە تا دەگاتە کولتووری هاوبەش و سەردەمی پێش مرۆڤایەتی. ناوەڕۆکی ئەمر نائاگاییە گەلەکییە لە ڕێگای ویراسەوە (بۆماوەیی) سەمبۆل و پێکهاتووەکانی لە نەوەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی دیکە)). (عومەر، ڕامان، 2006: 113).

یۆنگ لێکۆڵینەوەیەکی زۆری لەسەر ڕابردووی مرۆڤایەتی ئەنجامدا وەك مێژوو، ئاین و ئەفسانە...هتد. ئینجا گەیشە ئەو ڕاو بۆچوونەی لە بارەی نەستی گشتییەوە و دواتر کردی بە کۆڵەگەیەکی پتەو لە تیۆرەکەی، ((بە بڕوای یۆنگ (کۆ نەست) سەرداب و کۆگایەکە سەرجەمر یادگاری و بەسەرهاتەکانی ڕابردووی مرۆڤایەتی لەخۆی دەگرێت و تیایدا ئەمبار کراوە واتە بە درێژایی مێژووی باب و باپیران و هەزارەها نەوەی ڕابردوو ئەو بەسەرهات و یادگاری و ڕووداوانەی کە زۆر گرنگ بوون و بەردەوامر دووبارە بوونەوە و کاریگەریان لەسەر دڵ و دەروونی نەك مرۆڤ، بەڵکو ئاژەڵیش هەبوو ئەوا وەك بۆماوە نەوە لەدوای نەوە گوێزراونەتەوە و بوون بە ناوەرۆك و پێکهاتەکانی (کۆ نەست) و لەنێوان هەموو گەل و نەتەوەکانی جیهاندا هاوبەش و هاوشێوەن و بەردەوامر دووبارە دەبنەوە)). (قەرەچەتانی، کاروان، 2005: 137 و 138). ئەو بەسەرهات و ڕووداوانە مێژوویەکی ئەوەندە دوور و درێژیان هەیە و دەقیان گرتووە و تا وای لێهاتووە سەدان ڕەمز و هێمایان دروست کردووە بۆیە هەر یۆنگ خۆی دەڵێت: ((نائاگایی دەستە جەمیش لە تەرزە سەرەتاییەکان یان ئەسڵییەکان پێکهاتووە گونجاوترین ڕێگاش بۆ لێکۆڵینەوەلە نائاگایی دەستە جەمی بریتییە لە وردبوونەوە و مشتوماڵکردن و بەراورد کردن و لێکۆڵینەوەی ئەو سیستمی هێمایانەی لەناو کۆمەڵگادا باون و هەموو مرۆڤەکان تێیاندا بەژداری دەکەن، لەبارترین پانتاییش بۆ لێکۆڵینەوەی سیستمی هێماکان بریتییە لە هونەر و خەون و ئایین و ئەفسانە و شێوازەکانی ڕەفتارکردنی ئاکارییانەی مرۆڤەکان)). (یۆنگ، 2005: 11 و 12). ئەمر دەربڕینەی سەرەوە ئەوەمان پێدەڵێت کە لێکۆڵینەوە لە چالاکییەکانی مرۆڤ وەك هونەر و خەون و ئایینی مرۆڤ وادەکات کە لێکۆڵەر بگاتە کۆدەنگییەك لەسەر زۆر شت کە مرۆڤەکان هەموویان لە ئەنجامدانیاندا بەشدارن و بەمر شێوەیەش بە کۆمەڵێك هێما دەگەین کە لێکۆڵینەوە و بەراورد کردنی ئەو هێمایانەش دەمانگێڕێتەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان کە یۆنگ بە تەرزە سەرەتاکان ناوزەندی کردووە، کەواتە نەستی گشتی وەکو بۆماوەیی دەروونی وایە. چۆن نەخۆشییە درێژخایەنەکان زۆربەیان لەڕێگەی بۆماوەییەوە و بە گالیسکەی جیناتەکانەوە دەگوازرێنەوە بۆ نەوەکان، ئەمر ئاکار و سیفەتانەش لەڕێگەی نەستی گشتییەوە بۆ نەوەکان دەگوازرێنەوە.

لە دێرزەمانەوە مرۆڤ لە تاریکی دەترسێت لە کاتێکدا شتەکان هەروەکو خۆیانن، هەوا نابڕێت،چاو ڕاددەی بینینی کەمدەبێتەوە بۆیە دەترسێت، جگە لەوانەشی مرۆڤ لە مار دەترسێت و ڕقیشی لێیەتی جاران کە مرۆڤەکان ژیانیان لە ئەشکەوت و کوخ و خانووی قوڕ و ئەمانە بوو مار زۆری لەناوبردن واتە پێیانی وەدەدا و دەیکوشتن، بەڵام ئێستا کەرستەی خانووەکان پێشکەوتووە و وەکو جاران نییە، تەنانەت هەندێك کەس ماری هەر نەبینیوە، بەڵام بۆچی لە مار دەترسێت و ڕقی لێیەتی؟ بۆ وەڵامی ئەمر پرسیارە ڕایەك هەیە کە لە زۆربەی بیر و باوەڕە ئاینییەکان و ئەفسانە کۆنەکانی پشت ڕاست کراوەتەوە کە مار چووە ناو بەهەشتەوە حەوای هەڵخەڵەتاند، کە لەو دارە بخۆن کە خودا لێی قەدەغە کردبوون و بۆیە خوداش دەریکردن لە بەهەشت و فڕێیدانە سەر زەوی لەو ساوە هەتا هەتایە نەوەی ئەو ئافرەتە کە حەوایە ڕقیان لە مار دەبێتەوە. هەروەك لە ئینجیلدا هاتووە: (( مار بە ئافرەتەکەی گوت بەڕاستی خودا گوتوویەتی لە داری بەهەشت مەخۆن، ئافرەتەکەش دەڵێت: بەڵێ خودا تەنها ئەو دارەی لە ناوەڕاستی بەهەشتە لێی قەدەغە کردووین، چونکە خودا گوتوویەتی ئەگەر لێی بخۆین، دەمرین. مارەکەش دەڵێ: نا نامرن بەڵکو چاوتان دەکرێتەوە و وەکو خودا خێر و شەڕ دەزانن. بۆیە لە دارەکەی خوارد و دای بە مێردەکەشی بەمر شێوەیە چاویان بوویەوە و زانیان کە ڕووتن، بە گەڵای هەنجیر خۆیان داپۆشی. خودا لە ناو بەهەشت پیاسەی دەکرد و بانگی ئادەمی کرد: تۆ لەکوێی. ئادەمر گوتی: گوێمر لە دەنگت بوو، بەڵام چونکە ڕووتمر بۆیە ترسامر و خۆمر شاردەوە. خودا گوتی: کێ فێری کردی کە ڕووتی؟ ئایە لەمر دارەت خوارد کە لێمر قەدەغە کردبووی. ئادەمر گوتی: ئەو ئافرەتەی پێت بەخشیمر لەگەڵمر بێت ئەو پێیدامر. خودا بە ئافرەتەکەی گوت: بۆچی واتکرد؟ ئافرەتەکە وەڵامی دایەوە: مار هەڵی خەڵەتاندمر و خواردمر. خودا بە ماری گوت: چونکە تۆ ئەو کارەت کرد،

ئەوا تۆ بە نەفرت کرای لە نێوان هەموو گیانلەبەرەکان، لە سەر سکت دەڕۆیت و خۆڵ دەخۆیت بە درێژایی ژیانت دوژمنایەتی لە نێوان تۆ و ئەو ئافرەتە و نەوەکانی پەیدا دەکەم...)). (الكتاب المقدس، دار الكتاب المقدس في الشرق الأوسط، 1995: 4).

کەواتە هەموو مرۆڤێك لە مار دەترسێت و ڕقیشی لێیەتی، تەنانەت مار لەگەڵ گیاندارەکانی تریش دوژمنایەتی هەیە بۆ نموونە بە گیاندارەکانەوە دەدات، بەچکەی چۆلەکە و مریشك دەخوات تەنانەت لە ناو خۆشیاندا تەبا نین ماری ڕەش مارەکانی تر دەخوات ئەمەش لەبەرئەوەیە، چونکە لە لایەن خوداوە نەفرەتی لێکراوە، هەموو مرۆڤەکانیش لە ئادەم و حەوان بۆیە ڕقیان لە مارە. ئەوەی ئەم ترسەش دەگوازێتەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ئەوانەستی گشتییە ئەم کارە ئەنجام دەدات.

**3.1. چەمك و پێناسەکانی ئایین**

پێناسەکردنی ئایین ڕەنگە کارێکی ئاسان نەبێت، بەتایبەتی بۆ کەسانی ئەکادیمی، هەر یەکێك لە ئێمە هەڵگری بیرو باوەڕێکین و تاڕادەیەك پابەندی بیرو باوەڕەکەی خۆمانین، چونکە ئایین بۆ هەموو کەسێك و لە هەموو سەردەمێکدا پێویستیەکی ڕۆحی و دەروونی بووە، بۆ دەربڕینی هەستەکانی و بۆ سپاردنی نهێنیەکانی و ئارامی ژیانخۆی پێویستی بە ئارامگەیەك هەبووە ئاینیش ئەم پێویستیەی پڕکردۆتەوە، (( هەستی ئامادەبوونی خولقێنەر یەکێکە لە ڕووە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ، (( کەمبڵ، 2008: 168)، واتە ئەو هەستەی کە خولقێنراو بەرامبەر خولقێنەرەکەی هەیەتی هەموو هێزو چارەنووسەکەی بۆ دەرەوەی ناخی خۆی دەگێڕێتەوە کە بەڕای ئەو ئەفرێنراوەکەیەتی و ئەمیش ئامادەیە بەندایەتی بۆ بکات.

سەبارەت بە پێناسەی ئایینیش بێگومان ئایین بە شێوەیەکی گشتی پێناسەی زۆر جۆراوجۆری بۆ کراوە، هەر پێناسەیەکیش کۆمەڵێك ڕامان و بیروبۆچوونی زاناو ئاییناسان ڕوون دەکاتەوە، ئێمە هەوڵ دەدەین پێناسەی کەسانی ئایینی وەرنەگرێت، بەڵکو پێناسەی کەسانی ئەکادیمی وەربگرین.

_ماکس مۆلەرmax molar دەڵێت: (( ئایین هیزێکە لە هێزەکانی دەروون و یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی، مرۆڤ بەکاریگەری و هێما جیاوازەکانی ئەو هێزە، کە یەکێکە لە غەریزەکانی مرۆڤ و مرۆڤ بە زگماك لە سەرەتاکانی گەشەکردنی خۆیدا فێری بیرۆکەی بەندایەتی بووە..)) (المعمموری ،2006 : 7)، واتە جیاکردنەوەی ئایین لە مرۆڤ کارێکی دژوارو ئەستەمە، ئایین بە غەریزە لەگەڵ مرۆڤ دەژیت و هێزو ئارامی پێدەبەخشێت، هەرشتێك بەسەر مرۆڤ دێت لە خۆشی و ناخۆشی ئەوا مرۆڤی باوەڕدار ئەو شتە بۆ سەرچاوەکەی دەباتەوە کە پەرستراوەکەیەتی، بنیامین کوشتان Binyamin Canesten یەکێکە لە مێژوو نووسانی ئایین دەڵێت: ((ئایین لەو هۆکارانەیە کە زاڵبووە بەسەر مرۆڤ و هەستبزوێنی ئایینی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی سروشتی ئێمە و مەحاڵە پێشبینی ماهییەتی مرۆڤ بکەین بەبێ ڕەچاوکردنی بیرۆکەی ئایین))، (العمموری ، 2006 : 7 )، ئایین کۆنترۆڵی مرۆڤەکانی کردووە و هەستی ئایینی کاتێك دەگوازرێتەوە ناو کۆمەڵگا و گشتاندنی پێدەکرێ تووشی پێکدادانی فیکری دەبێتەوە، ئەمەش وادەکات بۆشایی لە نێوان مرۆڤ و ژیانەکەیدروستبێت، (( بە گوتەی زۆربەی فەیلەسوفەکانی فەلسەفەی ئایین لە جیهاندا ئەو بۆشاییەی لە نێوان ژیان و دەروونی مرۆڤەکاندا هەیە بە ئایین نەبێت بە هیچ شتێکیدیکە پڕناکرێتەوە..))، ( شەریعەتی ،2014 :10)، ئایین لەلایەکەوە زۆر ناسراوە لە لایەکی تریشەوە پڕە لە نهێنی، ((ئایین وەك ئەوەی باوە پێدراوێکی بان مرۆییە ، واتە لەسەرو دەسەڵات و توانای مرۆڤەوەیە، بۆیەلای هەڵگرانی شتێکی دەست بۆ نەبردراوە بەو پێیەی پیرۆزو بێخەوشە.)) (جەمال،2011: 9).

کەاوتە ئایین زیاتر خۆڕسکە، نەك دەستکردی مرۆڤ ، لە سەرووی مرۆڤیشەوەیە ، گەرچی دواتر هەلسوڕان و ئیدارەدانی کەوتە دەست مرۆڤە، بۆیە مرۆڤەکان ئایینەکانیان وەك خۆیان نەهێشتەوە،جگە لە پێغەمبەران و پیاو چاکە ڕاستەقینەکان نەبێت ،ئەگەرنا ئەوانیتر ئایینەکانیان بە ئاقارێکی تردا برد بۆیە دەبینین لە هەندێك شوێندا ئایین ڕویەکی جوانی نیشانی خەڵك نە داوە، چەندین گروپی توندڕەو پەیدابوون، ئایینیان تەسك کردۆتەوە و توندتیژی بەرهەم دێنن تا دەگاتە کاری تیرۆریستی و کوشتن و سەربڕین و وێرانکاری بەناوی ئایینیەوە ئەم کارانە ئەنجام دەدەن.

_لە پێناسەیەکی تری ئایینیدا هاتووە کە (( ئایین بریتییە لە ڕستێ (کۆمەڵێ) بەند و باو ڕێوڕەسمەکە شێوەیەکی ڕەهایی وەرگرتووە و وەڵامی پرسیارەکانی مرۆڤ دەداتەوە سەبارەت بە بوون))، ( جەمال ،2011:10)، بۆ وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێك ئایین وەڵامی خۆی هەیە، بەڵام پێناسەیەکی گشتگیرو قایلکاری نییە هەر چەندە لە ئاییندا بچیتە ناخ و قوڵایی ئەوەندە زیاتر تووشی سەرئێشە و بیرکردنەوە دەبێت و هەروا دەزانێت تازە دەستت پێکردووە.هەندێك زاناو بیرمەندی تریش پێیان وایە ئایین ئاسوودەی دەروونی بەمرۆڤ دەبەخشێت ،بۆیە یەکێکی وەکو جۆرج هیگل Georg Hegel ((کە بیرمەندێکی ئەڵمانییە ئایینی بە پێویستییەکی ئادەمیزاد زانیوە، بێ ئەوەی جۆری ئایینەکە دیاری بکات ئەو پێی وابو مرۆڤ وەك خودی پێویستی بەوە هەیە، کە ئاینێکی هەبێت..))، (ئەنوەر ، 2015 : 36)، هەروەك باسکرا ئایین پێویستییەکی ژیانە وەکو پێویستییەکانی تری مرۆڤ، بەڵام

پێویستییەکی ڕۆحی و واتایە نەك جەستەیی و ماددی هەست دەکەیت هەموو کاتێ هێزێکت لە پشتەو و متمانەی پێدەکەیت و داوای یارمەتی لێدەکەیت کە سەرت بخات لە ژیاندا.

- دیڤید هیوم David hum (( وەك بیرمەند و ئایینناسێکی ئینگلیزی ئایینی بە پێویستییەکی ژیانی مرۆڤەکان زانیوە، ئەو پێی وابووە، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا خێڵێك نەبووە ئایینی نەبووبێت… ئایین شتێك دەدات بە مرۆڤ کە لە هیچ سەرچاوەیەکدا دەست ناکەوێت..))، (ئەنوەر،2015: 35)، ئایین ژیان بە مرۆڤ دەبەخشێت، ژیانێکی ئاسوودەو ئارام هەرکاتێك ئەو ژیانەت لێسەنرایەوە ئارام دەگری و هۆکارەکەی بۆ سەرچاوەی ئایینەکە دەگێڕێتەوە بۆیە دڵتەنگ و بێزار نابیت.

- ئیمیەل دورکهایم Émile Durkheim ئایینی بە کۆمەڵێك بیروباوەڕ و خوداپەرستی لەگەڵ چەند بیرو باوەڕێکیدا پێکەوە گرێدراون زانیوە، کە بە هەموویان ئایینێك دروست دەکەن، مرۆڤیشی ئازاد کردووە لەوەی باوەڕ بەکام لە ئایینەکان دەهێنێت..))، ( ئەنوەر، 2015 :36)، پەیامی ئەم زانایە ڕوونە کە ئەو پێی وایە هەموو ئایینەکان لە یەك سەرچاوەوە دێن، بۆیە دابونەریت وبۆنە ئاینیەکان لە یەکتری نزیکن، مرۆڤیش ئازادە کام ئایین هەڵدەبژێرێت.

مرۆڤ لە سەرەتادا سادە و ساکار بووە، بە پێی زانستی مرۆڤناسی و جیۆلۆجی مرۆڤی کۆن بە جەستە گەورەبووە و بەهزر لاواز بووە، بۆیە هەر شتێك، کە زانیارییان لەسەر نەبایە ،یان ڕوداوێك ڕوییابەو سەرچاوەکەیان نەزانیبایە ئەوا دەیانگێڕایەوە بۆهێزێك ،کە زیاتر سروشتی بووە ،لەبەر ئەوە ئاسایی بووە مرۆڤ خۆرو مانگ و ئاژەڵەکان بپەرستێت، ((ئاسایی بووە مرۆڤی سەرەتایی خۆر بپەرستێت، چونکە بە ڕۆژ ڕووناکی پێبەخشیوە، هەروەها مانگ و ئەستێرە ببپەرستێت، چونکە لە تاریکی شەو ڕزگاری کردووە، ئەمەو جگە لە پەرستنی گیاندارە دڕندەکان وەك شێرو پڵنگ و بەرازو گورگ…ببپەرستێت، چونکە زیانیان پێگەیاندووە و ئازاریان داوە یان گیاندارەکانی وەك گاو مانگاو مەڕو ماڵات و ڕەشەوڵاخ…تاد چونکە سوودیان پێگەیاندووە))، (ئەنوەر، 2015 : 28)، سەرچاوەی پەرستن هەر لەم سۆنگەیەوەیە، کاتێك مرۆڤ پەرستش دەکات بۆ پەرستراوەکەی لەبەر چەند هۆکارێکەیان لێی دەترسێت یان خۆشی دەوێت یان سوودی پێدەگەیەنێت یان بە واتایەکی تر هەموو پەرستراوەکان سەرچاوەی ترس و خۆشەویستی و سوودو زیان پێگەیاندنن بۆ مرۆڤ بۆیە مرۆڤ دەیان پەرستێت، ڕەنگە بیرۆکەی بت پەرستن و پەرستنی هەرگیاندارێك ڕووداوێکی لەپشتەوە بێت، واتە وەکو یۆنگ دەڵێت تەرزێکی سەرەتایی خۆی هەبێت، بەڵام ئێمە دەستمان ناگاتە گشت ئەو ڕووداوانە هەروەك یۆنگ باسی ئەو حالەتە دەکات و دەڵێت : (( ڕاوچیەکی لاو تێرێکی کوشندەی گرتە داڵێکی زۆر ناوازە، دڵی بە جوانی تەیرە کوژراوەکە سووتا، بۆیە مۆمیای کردو کردی بە بتێك و دەبپەرست و قوربانی پێشکەش دەکرد..))،(یۆنگ،2005 : 325)، ئەمەش مانای وایە بیرۆکەکان لە ناخ و خەونی تاکەوە دەچنە بۆ جەماوەرو جەماوەریش جارێکی تر فۆرمەلە دەکرێن و بە کاریگەریەوە بۆ هزری تاکەکان دەگەڕێتەوە، کە خودی جەماوەریش سەرچاوەی نەستی گشتییە بۆ گواستنەوەی ئایین و دابونەریتەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

((لە دیدی ئەنترۆپۆلۆژییەوە مەبەست لە ئایین، ئایینی سەرەتاییە کە تێیدا زیاد لە خواوەندێك دەپەرسترێت، ئەمەش جیاوازە لە ئایینی ئاسمانی کە خاوەنی تەنیا یەك خواوەندە..))،(ئیسماعیل_ شەریف، 2004: 163).

ئایینەکانی سەرەتا باوەڕەکانیان لە سروشتەوە وەرگرتووەو بە پیرۆزییان زانیوە وەك سروشتی ( بەرد ، ڕووەك ، گیانەوەر، خاك، دۆڵەکان، هەتاو ، مانگ ، ڕەشەبا، ئاو، ئاگر) کە دواتر ئەمانە زۆریان بوون بە هێماو لەگەڵ ئایین تێکەڵبوون و بوون بە ئاینیش، ((لای کۆمەڵگا بەرایی و دێرینەکان تەنانەت بەردی دانەتاشراویش مانایەکی هێماییانەی بەرزی هەبووە، زۆرجار وایان زانیوە بەردی سروشتی جێگەی نیشتەجێبوونی ڕۆحەکان و خواوەندەکانە لە کۆمەڵگا بەراییەکاندا وەك بەردی گۆڕ یان بەردی جیاکردنەوەی سنوور یان شتی شکۆداری ئایینی بەکاردەهێنرا..)) ( یۆنگ ، 2005: 333)، هەر ئەو ترسو پیرۆزییەی مرۆڤ بۆ ئەو بەردو شوێنانە وایکرد کە ئەم بەردو شوێنانە بە پیرۆز دابنرێن و لای خەڵك ڕێزێکی زۆریان لێدەنان وەك بەردی (حەجەر ئەسوەد) بەردی گۆڕی پیاو چاکەکان، کێوی طور)..هتد بۆیە ((دانیشتوانی ئەو شوێنانەی ئەو وێنە و نەخشانەیانیان لێیە، لە ئەفریقیا و ئیسپانیا و فەرەنسا و ئەسکەندەنافیا لەو ئەشکەوتانە نزیك نابنەوە، جۆرە ترسێکی ئایینی ڕێگەیان لێدەگرێت و لەوانەشە لەو ڕۆحانە بترسن کە ئەمان هەست دەکەن لە نێوانی ئەو بەردو وێنانە دەسوڕێنەوە..)) (یۆنگ، 333 :2005).

ئەمەش شتێکی ئاساییە کە ترس لەو شوێنانە هەبێت، چونکە ئایین بۆ خۆی لایەنی ترس و نهێنی زۆر تێدایە، مرۆڤی باوەڕدار هەموو ژیان و کارەکانی بەچاك و خراپەوە سەرکەوتن و دۆڕاوەکانی لە پەرستراوەکەی دەزانێت، واتە لە دەرەوەی خۆی، لە کاتێکدا ئەو مرۆڤانەی کە پابەند نین بە ئایین و بیروباوەڕێکی دیاریکراو و زیاتر عەقڵانین هەمو سەرکەوتن و شکستەکان لە هەناوی خۆیان دەزانن و خودی مرۆڤ دەکەنە سەنتەر بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان.

دوای ئەوەی مرۆڤ لە ئەشکەوتەکان هاتە دەرەوەو ((بەرەو دەشتاییەکان کۆچی کرد و گوندی کشتوکاڵی و دواتر شاری دروستکرد، بیرۆکەی دروستکردنی (بت)هاتە گۆڕێ، بەمەش لە سروشت پەرستییەوە ڕویکردە بتپەرستی..))، (ئەنوەر، 2015 : 28)، هەر بتێکیش بۆ لایەنێکی ژیان بوو، خواوەندی جوانی و باران و خۆشەویستی و سەرکەوتن ئەمانە هەموویان گوزارشتیان لە لایەنی ڕۆحی خەڵکەکە دەکرد و پێداویستییە ڕۆحییەکانی ئەوانیان پڕ دەکردەوە، بە درێژایی مێژوو ئەو پەرستنەی بتەکان و هێماکانیان زیاد و کەمی تێکەوتووە بیر و باوەڕەکان زیادبوون و پەرت بوون تا وای لێهات(( نەك هەر ئەوە، بەڵکو دامەزراندنی دەوڵەت و میرنشینەکانیان بەکاری خواوەندەکانەوە بەسترابوونەوە بۆ نموونە دانیشتوانی میسۆپۆتامیا سەرباری ئەوەی باوەڕیان بەوە هەبوو کە پادشاکان گیانی خودایان بەبەرداکراوەو بەفرمانی خودای ئاسمان کاروبارەکانی زەوی بەڕێوە دەبەن سەرباری ئەوەش لایان وابوو کە پادشاکانیان دەتوانن ڕەزامەندی خودای ئاسمان بۆ بەندەکانی وەربگرن.))،( ئەنوەر، 2015 :9).

واتە لە ناوپەیڕەوانی خواوەندیشدا باوەڕێك هەبووە کە پێی وابووە خودایەك هەیە لە هەموو خواکان گەورەترە ئەوانەیش کە ئەو خودایانە دەپەرستن هەربۆ ئەوەیە لە خودای ئاسمان نزیکیان بکاتەوە، ئەم بەسەرهات و بۆچوونە لە قورئاندا باسکراوە هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ((مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ..)) (سورەتی (الزمر، ئایەتی :3)، پەیڕەوانی فرە خودایی باوەڕیان وابوو چۆن بنەماڵەو براکان یەك لە یەکێکی تر گەورەترە تا دەگاتە سەرۆکی ئەو بنەماڵەیە کە لە هەموویان گەورەترە جڵەوەکەی لە دەستە، خوداکانیش وان هەندێك لە هەندێکی تر گەورەترن تا دەگاتە گەورەترینیان کە خودای ئاسمانەکانە، دیارە لە ئاینە کۆنەکانیشدا شوێنی بەرزو پیرۆز بۆ خودا دانراوە کە ئاسمانەکانە.

یەکێك لە تەرزە سەرەتاکان کە یۆنگ باسی دەکات (ئایین)ە کە بووەتە نەستی گشتی واتە لە نائاگایی خۆمانەوە ئایین بووەتە پێویستییەکی ژیانمان و کەس لێی بێ بەش نییە و بەردەوامیشە.

### 1.3.1. باوەڕ و بنەماکانی ئایین:

ئایین بە زۆر شێوە و تێرم دەبێتە نەستی گشتی، واتە ئایین لە زۆر لاوە دەوری مرۆڤی داوە و کۆنترۆڵی کردووە، بیروڕاکان بەرامبەر ئایین لە چەندین بنەما و شێوە خۆی دەبینێتەوە، لە هەر ئایینێك لە ئایینەکان جۆرێك بیروڕا بەرامبەر بنەماکان هەیە و هەموو ئایینەکان وەك یەك نین گرنگترین بنەماکانیش ئەمانەن:

1- باوەڕهێنان بە خودا: خودا کە لە ئایینی ئیسلامدا (الله)یە سەری هەرەمی هەمووئایینەکانە بەبێ جیاوازی، یان بە واتایەکی تر خودا خۆی هەموو (کل)ەکەیە، بنەماو بەشەکانی تر بەشەکانن واتە (جزئیات) واتە هەرکەسێك باوەڕی بە الله هەبوو ئەوا باوەڕی بە هەموو (کل)ەکە هەیە و ڕاستەوخۆ باوەڕ بە بەشەکانی تریش دێنێت و هەموو دەستەڵاتەکان بۆ ئەو دەگەڕێنێتەوە. بێگومان چەمکی (خودا)ش لە ئایینێکەوە بۆ یەکێکیتر جیاوازە و چەمك و تێگەیشتنەکەی وەکو یەك نییە. ئایینە ئاسمانییەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە (خودا) لە دەرەوەی ناخی مرۆڤەکانداییە و بوونێکی جاویدانی هەیە، بەڵام لەسەر ئەوە کۆك نین کە شێوەکەی چۆنە و جەستەی هەیە یان نا. هەرچی ئایینە زەمینییەکانە ئەوانە فرەخوداییان پەیڕەو کردووە و خۆشیان کتێبەکەیان نوسیوەتەوە و دایانڕشتووە و خۆیان بە دەمڕاستی ئایینەکە و نوێنەری خوا لەسەر زەوی داناوە و ئامۆژگاری خەڵکەکەیان کردووە کە چاکە بکەن و دووربکەونەوە لە خراپە خراپەکاری.

2- باوەڕهێنان بە زیندووبوونەوە: زۆربەی ئایینەکان باوەڕیان وایە کە مرۆڤەکان لەدوای ئەوەی کە دەمرن و لە دنیا دەردەچن، دەچنە ژیانێکی نوێوە تەنها جەستەکەیان لەناودەچێت و ڕۆحیان دەچێتە بەرزەخ و تا کۆتایی دنیا، پاشان هەموو مرۆڤەکان زیندوو دەبنەوە و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت و هەرکەسەو بەقەد کردووەکانی پاداشت و سزای خۆی وەردەگرێت.

3- بەهەشت و دۆزەخ: لە زۆربەی ئایینەکاندا دوای ئەوەی مرۆڤەکان زیندوودەبنەوە ئینجا حیساب و کتابیان لەگەڵ دەکرێت و ئەوەی پاداشت بکرێت دەچێتە بەهەشت و ئەوەی خراپەکاریش بووبێت سزای خۆی وەردەگرێت و دەچێتە ناو دۆزەخەوە.

4- باوەڕهێنان بە فریشتە: لە ئایینە ئاسمانییەکاندا باوەڕهێنان بە فریشتە بنەمایەکی تری ئایینییە، مرۆڤی باوەڕدار دەبێت باوەڕی بە فریشتەکان هەبێت کە دروستکراوی خودان و خودا لە نووری خۆی دروستی کردوون، نێر و مێیان نییە و هەمیشە خەریکی پەرستشی خودان.

5- باوەڕهێنان بە پێغەمبەران: لە زۆربەی ئایینەکاندا مرۆڤەکان باوەڕیان وایە کە کەسێك ڕابەری ئایینەکەیە و پەیامەکەی بڵاودەکاتەوە، لە ئایینە ئاسمانییەکاندا باوەڕییان وایە کە پێغەمبەران نێردراوی خودان و ئایینە زەمینییەکانیش باوەڕیان وایە کە ئەو کەسانە دەمڕاستی ئایینەکەن و کتێبەکانیش خۆیان نوسیویانە و یاسا و ڕێساکانیان داناوە وەك ئایینی (ئێزیدی، یارسان، بودایی، کۆنفۆشیۆس... هتد).

6- باوەڕهێنان بە کتێبە ئایینییەکان: هەموو ئایینێك بە ئایینی ئاسمانی و زەمینییەوە، کتێبی تایبەت بە ئۆل و ئایینی خۆیان هەیە، کە بنەما و یاساکانی ئەو ئایینەی تێدایە و پێویستە لەسەر پەیڕەوانی بەندەکانی ئەو کتێبە ئایینیانە جێبەجێ بکەن. کتێبە ئایینە ئاسمانییەکان لە لایەن خوداوە ڕەوانە کراوە بۆ پەیامبەران، بەڵام کتێبی ئایینە زەمینییەکان لە لایەن ڕابەرانی ئەو ئایینە نووسراوەتەوە.

7- باوەڕهێنان بە قەدەر: واتە هەر شتێك کە بەسەر مرۆڤەکاندا دێت ئەوا قەدەری خوایە و مرۆڤ ناتوانێت لێی لابدات. هەموو هەوڵ و کۆششەکان دەتگەیەننە ئەو ڕادەیەی کە مرۆڤ لە چارەنووسی نووسراوە.

8- باوەڕهێنان بەهێزی چاکە و هێزی خراپە: لە هەموو ئایینەکاندا دوو هێز هەن کە مرۆڤەکان بەڕێوەدەبەن. ئەوانیش هێزی چاکە و هێزی خراپەن لە ئایینی ئیسلامدا خودا خۆی سەرچاوەی هێزی چاکەیە، عەزازیل یان شەیتان سەرچاوەی هێزی خراپەیە، لە ئایینی زەردەشتیدا ئەهریمەن هێزی خراپەیە و ئەهرۆمەزداش سەرچاوەی هێزی چاکەیە.

لە زۆربەی ئایینەکاندا ئەو بنەما و ستونانەی ئایین تێکەڵاوی دابونەریت بوون، هەتا وای لێهاتووە بە ئاسانی لە یەکتر جیانەکرێنەوە و نەوە لە دوای نەوە پەیڕەوی لەم دابونەریتە ئایینیانە کراوە، داینەمۆی گواستنەوەکەشی نەستی گشتی بووە.

((بەپێی نوسراوی کارناسان، ئێرانیانی دێرین لە پێش زەردەشت) سەرەڕای باوەڕ بوونیان بە چەندین خودا، باوەڕیان بە خوای خواکان یان (ئێزەدی ئێزەدیەکان)یش هەبووە))، (ئاداتی ،2013 : 19)، وەك باسکرا زۆربەی ئایینەکان بە ئاسمانی و زەمینییەوە ، لەزۆر ڕەهەندەوە لێیان کۆڵراوەتەوە ، وەك ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ڕەهەندی زانستی و ڕەهەندی باوەڕداری ، کەهەریەکەیان لە گۆشەنیگای خۆیەوە شەن و کەوی بابەتەکەی کردووە،بەڵام لەبەرئەوەی توێژینەوەکەی ئێمە پەیوەستە بە نەستی گشتییەوە، کە کارل گۆستاڤ یۆنگ خاوەنی ئەم دۆزینەوەیەیە بۆیە ڕوانگەی یۆنگ بۆئایین ڕوون دەکەینەوە.

**4.1. ڕوانینی یۆنگ بۆ ئایین**

یۆنگ ئە زانایەیە کەلەبەرهەمەکانی خۆیدا ئاماژەی بەئایین کردووە و باسی کردووە. وەك لەکتێبەکانیدا هاتووە کەیۆنگ بەپێچەوانەی فرۆید باسی ئایین دەکات،چونکە فرۆید لای وایە کە ئایین وەهمێکە و هیچی تر، لە وێگەی گۆڤاری الاستغراب (2016)دا هاتووە :(( ئایین بەپێی لێکدانەوەی فرۆیدی جۆرێکە لە بەرگری و خورافەی منداڵی..)). فرۆید و تیۆرەکەی زۆر جەخت لەسەر ژیانی منداڵی دەکەنەوە، بۆیە ئایینیش بە خەیاڵێك یان وەهمێکی منداڵی دادەنێت ولەلایەکی ترەوە بەجۆرێك لەبەرگری لەخۆکردن دایدەنێت، بەڵام ئەوبەرگری لەخۆکردنەی لەخۆوە نەهاتووە، بەڵکو سەرچاوەیەکی خۆی هەیە، فرۆید باسی کوشتنی باوك دەکات و دواتر ئەوانەی ئەم کارە ئەنجام دەدەن پەشیمان دەبنەوە بۆیە دەکەونە پەرستنی سێبەر و تارمایی باوك وەك فرۆید خۆی دەڵێت ((ئەفسانەی کوشتنی باوك لەزەمانی کۆندا، ڕووداوێکی ڕاستەقینە بووە. برین و شوێنەواری لە مێژووی مرۆڤدا بەجێهێشتووە، ناکرێت بیسرینەوە، هەستکردن بەتاوان وزۆرشتی تریش، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەستە، پەرستنی خودا پەیدابوو، هەمان باوك کە خوایەتی پێدرا لەکۆتاییدا ئایین بەوە لێکدەدرێتەوە کە وەسوەسەیەکی گشتییە..)) (هەمان سەرچاوە، ل 71). کاتێك لە ئەفسانەی ئۆدیپ باسی ئەوە دەکات کە ئۆدیپ باوکی خۆی دەکوژێت و دایکی مارە دەکا بێ ئەوەی پێی بزانێت، بەڵام دوای ئەوە نەهامەتی ڕوو لەو شارە دەکات و قات و قڕی و ناخۆشی و نەخۆشی تاعوون ڕوو لە وڵات دەکات.

هەرچی کارل گۆستاف یۆنگە بە شێوەیەکی ئەرێنی باسی ئایین دەکات و گۆشە نیگای ئەو بۆ ئایین وەکو شیفا و چارەسەرە بۆ زۆر لە نەخۆشییەکان.

(( یۆنگ ئیلحادی فرۆیدی ڕەتکردەوە، لە ڕاستیدا ئەو بۆ هەموو ئایینەکان بەهایەکی ڕاستەقینە دادەنێت، لەهەمان کاتدا فرۆید ئایین وادەبینێت کە دیاردەیەکی نەخۆشییە، یۆنگ وای دەبینێت کە دیاردەیەکی چارەسەرکەرە...))، (هەمان سەرچاوە 75)، دیارە کە یۆنگ بیرۆکەیەکی پۆزەتیڤی بەرامبەر گشت ئایینەکان هەیە، واتا دەمارگیری بۆ هیچ ئایینێك نییە و لە میانەی ئەزموون و گەڕانی خۆیدا بەتایبەت گەشتەکەی بۆ کینیا فرە ڕەنگی ئایینەکانی بۆ دەردەکەوێت و دەبینێت کە خەڵك بە پیرۆزی سەیری ئایینەکانی خۆیان دەکەن و پێی ئاسوودەن، لەبەرئەوەی یۆنگ شارەزایی ئایینەکان بووە لە ناویشیاندا ئایینی ئیسلام خەڵك وایان زانیوە موسڵمانە، ((لەبەرئەوەی شارەزای قورئان بووم، بۆیە ناویان لەمن لەمن نابوو (پیاوی کتێبەکە)، ئەوان وایان دەزانی من (محەممەد)ییم و خۆم ئاشکرا ناکەم...))، (هەینی، ڕامان، 2007: 116). دیارە لەم گەشتەیدا باسی ئایینی ئیسلام و قورئانی کردووە، خەڵکەکەش وایان زانیوە ئەوە موسڵمانە، بەڵام خۆی ئاشکرا ناکات، یۆنگ کاتێك باسی ئایین دەکات جەخت لەسەر خودا دەکات و ڕای خۆی لەمبارەیەوە دەردەبڕێت و دەڵێت: ((هەروەك چۆن ئەستێرەکان بەدەوری خۆردا دەسوڕێنەوە، بیرۆکەکانی منیش بەدەوری خودا

دەسوڕێنەوە و بۆ لای ئەو پەلکێش دەبن بە شێوەیەك ناتوانم بەرگری بکەم واهەست دەکەم ئەگەر هیچ جۆرە بەرگرییەك بەرامبەر ئەو هێزە دەست پێبکەم ئەوە تاوانێکی گەورەم ئەنجامداوە...))، (مسعود اذربایجانی، مجلة الاستغراب: 72، 73).

کەواتە یۆنگ بۆچوونەکەی بەرامبەر سەرچاوەی ئایینەکان باشە و هیچ ئایینێك ڕەتناکاتەوە، بەڵام هەبوون و نەبوونی خودا (الله) لە لای یۆنگ شتومڕی لەسەرە چونکە ئەو خۆی دەڵێت خودا لە هەموو شوێنێك ئامادەیە ئەوەتا یەکێکی وەکو ( Miguel Serrano) کە دەچێتە ماڵی یۆنگ بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئەنجام بدات دەبینێت لەسەر ماڵی یۆنگ ئەم دەستەواژەیە نووسراوە: ((ئەگەر بیخوێنیتەوە یان نەیخوێنیتەوە خودا ئامادەیە...))، (هەمان سەرچاوە: 76). ئەو خۆی لە خودا بەنزیك داناوە لە کاروبارەکانی خۆشیدا زۆر باسی (الله) دەکات کە هەڕەمی هەموو ئایینەکانە، هیچ ئایینێك بێ خودا نییە تەنانەت سەردەمی فرە خواوەندیش هەروا بووە یۆنگ ئەوەندە خودای لەخۆی نزیك کردۆتەوە لەم بارەیەوە دەڵێت: ((دوای ئەوەی چەندین کتێبی فەلسەفی و تیۆری فەیلەسوفانم خوێندەوە لە بارەی (الله) درکم بەوە کرد کە (الله)، سەبارەت بە من یەکێکە لە زۆرترین ئەزموونی بەڵگەدار کە پێویستی نێوانگیری نییە...))، (هەمان سەرچاوە: 76)، ئەو بیروبۆچوونە سەبارەت بە خودا لە هەموو ئایینەکان هەیە کە خودا نزیکە و چاودێرە لەسەر بەندەکانی و هەر کارێك بەندەکان بیکەن بە چاك و خراپ ئەوا خودا ئاگادارە و هیچ کاتێك بێئاگا نییە و هەمیشە بێدارە.

یۆنگ باوەڕی وایە کە خودا لەناخی مرۆڤەکاندا هەیە و هەمیشە ئامادەیە واتا بوونی خودا وەك بوونێکی بابەتی و بوونێك لە دەرەوەی مرۆڤ ڕەتدەکاتەوە، ((ئایین حاڵەتێکی تایبەتە بە ڕۆحی مرۆڤ، دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی بکەین، شێوەیەکە لە چاودێری و بیرهێنانەوە و بەیەخدانی ورد بە هەندێك لە هۆکاری کاریگەر کە مرۆڤ ناوی لێناوە هێزی خودا لەسەر شێوەی ڕۆح، شەیتان، خوداوەند، یاساکان، نموونەی باڵا و کامڵبوونی تەواو بەرجەستەیان کردووە...))، (هەمان سەرچاوە: 80)، ئەم پێناسەی یۆنگ بۆ ئایین بۆ هەموو ئایینەکان درووستە و ئایین لەم شێوانە تێناپەڕێت، یان بەشێوەی مێتافیزیکی یان بەرجەستەیی و ماددی گوزارشت لە خودا و هێزی سەروو سروشت و تواناکان کراوە، لە دەربڕینەکەش دیارە کە ناوبراو خۆی لەوانە هاوێر دەکات کە خودا بەم شێوەیە پێناسە دەکەن.

لە یەکێك لە چاوپێکەوتنەکانی تەلەفزیۆنی پرسیار لە یۆنگ دەکرێت لەبارەی باوەڕی ئەو بە خودا، ((ئایا باوەڕی بە خودا هەیە، گوتی کە ئەو باوەڕی پێی نییە بەڵام دەیناسێت... ڕای یۆنگ بە ئایین لەم بیرۆکەیەوە پێکهاتووە کە ئاین توخمێکی سروشتییە لە ژیانی ڕۆح، ڕاستییە ئایینیەکان، ڕاستی بابەتی و مێتافیزیکی نین، بەڵکو بە شتەکانی واقیعی ژیان دەژمێردرێت...))، (هەمان سەرچاوە: 85).

واتە چۆن مرۆڤ پێویستی بە ئاو و هەوا و خۆراك هەیە، ئەوا پێویستیشی بە خودا هەیە بۆ تەواوکردنی ژیانی خۆی، بەڵام وەکو باوەڕ، باوەڕی بە خودایەك نییە کە لە دەرەوەی خۆی بێت و بوونێکی ڕاستەقینەی هەبێت، لە شوێنێکی تردا یۆنگ وای بۆدەچێت کە مرۆڤی هاوچەرخ بۆ ئەوەی خودا بناسێت و پێی بگات پێویستی بە نەستی خۆی هەیە چ وەك نەستی تاك یان نەستی گشتی، ((سەبارەت بە مرۆڤی ئەمڕۆ، نەست تاکە ڕێگایە بۆ ناسینی ئایین...))، (هەمان سەرچاوە: 83). لەبەرئەوەی ئایین یەکێکە لە پێویستییەکان بۆ مرۆڤ، دەبێت ڕێگایەك هەبێت بۆ گەیشتن بە مەبەست لە ڕێگای برسی بوون مرۆڤ دەکاتە خۆراك، لەڕێگای تینوو بوون مرۆڤ دەگاتە ئاو، لەڕێگای وروژاندن دەگاتە سێکس، لە ڕێگای نەستیشەوە مرۆڤ دەتوانێت بگاتە خودای خۆی. ئەو ڕەخنەیە لە یۆنگ دەگیرێت سەبارەت بە فەلسەفەی ئایین ئەوەیە کە ((ئایینی لە شتێکدا کورت کردۆتەوە کە دەروونی مرۆڤ دروستی کردووە و بەڕاستیشی زانیوە))، (هەمان سەرچاوە: 87).

دیارە بەپێی سەرجەم فەلسەفەی ئایینەکان، ئایین تەنها ئەو هێزە نییە کە لە ناخی مرۆڤەکاندا هەیە. بەڵکو بوونی خودا وەك بوونێکی بابەتی و مێتا فیزیکی لە لایەن ئایینە ئاسمانییەکان پشتڕاستکراوەتەوە، کە تاخمێك باوەڕیان پێی هەبووە و تاخمەکەی تریش باوەڕیان پێ نەبووە، ئێستاش دەبینین کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆ ئەو دوو بەرەیە دابەشبوون ، کەلە کۆتاییدا ڕاوبۆچوونی یۆنگ لە بارەی ئایین ئەوە بوو کە باسکرا. یۆنگ بۆچوونێکی باش و پۆزەتیڤی بەرامبەر ئایین هەیە بە گشتی،هەروەها بۆمان دەرکەوت، کەبە ڕای یۆنگ نەستی گشتیی سەرچاوەیەکی گرنگی ئایینە و پانتاییەکی زۆر باشە بۆئەو لەهەمان کاتیشدا ئایین دەرکەوتەیەکی گرنگی نەستی گشتییە.

**5.1. ئایینی کۆنی کورد**

کورد وەکو نەتەوەیەکی تری ڕۆژهەڵات خاوەنی خاك و زمان و ئایینی خۆی بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئایین پەیوەستە بە مرۆڤەوە و مرۆڤ پیادەی بۆنە ئایینیەکانی کردووە، لە کوردستان چ ئاینێك بووەو یان ڕاستتر بڵێین مرۆڤ لە کەیەوە لە کوردستان دەژیت، (( ئەوەی زانراوە بە شێوەی لێکۆڵینەوەی زانستی بەر لە (600،000 ساڵ) پێش زایین جۆرێك لە مرۆڤ لە زنجیرە چیاکانی

کوردستان ژیاوەو لەوەش بەدواوە بەردەوام مرۆڤ بە شێوەی جیاجیاو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ هەر هەبووەو هیچ قۆناغێکی نییە مێژوو باسی بکات کە لەوە بەدواوە، واتە پاش شەش سەد هەزار ساڵ پێش زایین کوردستان یان زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بێ مرۆڤ بێت..))، ( حەسەن ، 2007 : 281). بە درێژایی ئەو زەمەنە دووره هیچ کاتێك کوردستان و زنجیرە چیاکانی کوردستان بێ مرۆڤ نەبووە، کەواتە((کاتێ دەتوانین قسە لەسەر پێگەی ئایین و پرۆسەی ئایینداری بکەین، کەباس لە شوێنەوارو بەرکەوتی ئەو پرۆسە بکەین لە کۆمەڵگەدا)) ( جەمال،2011: 77)، بۆیە دەتوانین بڵێین باشترین شوێن بۆ پرۆسەی ئایینداری و پەرستش ئەشکەوتەکانن ،دەبنین کە زۆربەی پێغەمبەرو پیاو چاکان لە ئەشکەوت دەستیان بە پەیڕەوی لە ئایینەکەیان کردووە، لەم ماوەیەدا کە باسکرا زۆر شوێن هەن لە کوردستان کە لە سەردەمێکی زۆر زووەوە تا ئاوەدانی تێدا بووە، بۆ نموونە (ئەشکەوتی شانەدەر) ((لێکۆڵینەوەکان دەڵێن، بەر لە 120،000 هەزار ساڵ پێش زایین مرۆڤ لەو ئەشکەوتە ژیاوەو تیایدا حەوت ئێسکبەندی مرۆڤ دۆزراوەتەوە کە تەمەنی ئەم ئێسکبەندانە بۆ 60_ 65 هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە))، (حەسەن ،2007 :282). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کوردستان شوێنەوار و مەڵبەندێکی گرنگی شارستانیەت بووە بۆ سەرەتای جیهان، جا مرۆڤی کوردیش وەکو خەڵکانی تر پیادەی ئایینی کردووە، ((ئایین لە کوردستاندا خاوەنی تەمەنێکی درێژو هەمە جۆری ئایینی یە، (حەسەن ، 2007 :288)، واتە ئێمە ناتوانین شوێنی ئەو هەموو ئایینە لە باسێکی وا کورتدا بکەینەوە، بۆیە پەنجە لەسەر خاڵە گەش و بەرچاوەکان دادەنێین کە مەبەستمان بەسەرکردنەوەی چەند ئاینێکە کە گەلی کورد خۆی بە خاوەنی داناوە، (( لە یەکێك لەو ئایینانە ئایینی میهر_میترا)یە کە بە کۆنترین ئایینی گشتگیری جیهانی دەژمێردرێت، سەرچاوەی ئەم ئایینە ئەو میللەتانە بوو کە لە سەرخاکی کوردستانی ئیمڕۆدا دەژیان و خەڵکی ئەم وڵاتە بەگشتی، بەر لە هاتنی ئایینی زەردەشت زۆربەیان لەسەر باوەڕی ئایینی میترایی بوون..))، (حەسەن، 2007: 288)، دیارە لە ئایینی میترائیدا و زۆربەی ئایینەکانی تریش ڕۆژوڕووناکی زۆر پیرۆز سەیرکراون و تەنانەت گەیشتوونەتە ڕادەرەی پەرستن، ئێستا لە یادو بۆنەی ئایینی مەسیحی و لای ئێزدییەکاندا چراو ڕوناکی هەڵدەکەن، دوابەدوای ئەو ئایینە ئەوەی لە مێژووداباس دەکرێ و سەلمێنراوە کورد لە نەوەی (ماد)ەکانەو یەکێکە لە نەتەوە دێرینەکانی ڕۆژهەڵات، ئایینی زەردەشتیش بە ئایینی خۆیان زانیوە،(( زەردەشتی بە یەکێك لەو بیروباوەڕانەی مێژوو دەژمێردرێت، کە لە لایەن کەسایەتیەکی کوردی بەناوی (زەردەشت کوڕی پور شاسپ) سەری هەڵداوە هەر بەناوی ئەویشەوە ناونراوە ))، ( ئەنوەر، 2015: 75)، دیارە ئەو کەسایەتیانەی کە وەکو پەیامبەر خۆیان دەناسێنن کەسانی زیرەك و بلیمەتن و بە توانان لە ڕاکێشانی سەرەنجی جەماوەر بۆ خۆیان، زەردەشتیش ئەو بیروباوەڕەی بڵاوکردەوەو تەنانەت لە دوای خۆیشی ئەو بیروباوەڕە بە چەندین شوێن و وڵاتانی دنیا بڵاو بوویەوەو پەیڕەوانی ئەو ئایینەش دابونەریت و بۆنەی ئایینی تایبەتبە خۆیان هەبوو، ((لە ئێرانی کۆندا چەندین پێغەمبەر هەبوون، کە نازناوی (زەردەشتیان) هەبووە، زەردەشت لە لای ئەوان یانی(ئەستێرەی زێڕین)) ،( ئابادانی،2013: 19)، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئایینەکانی کۆنی کورد لەکوردستان دابونەریت و ڕێو ڕەسمە ئایینییەکانیان لەیەکترەوە نزیك بووە (( لەئایینی زەردەشتیداباوەڕبوون بە ئاهورەمەزدا وەك خوای گەورەو جێبەجێکردنی تەواوی ئەرکەکانی. هەروەها هێزی ئەهریمەن وەك هێزێکی خراپکارو ئاراستە کردنی بەندەکانی خودا بۆخراپکاری))(ئەنوەر،2015: 80) ، واتە ئایینێکی دوانە پەرستی بووە،لەهەمان کاتدا ئایینی (مانی)ش ،لەدوای زەردەشتەوەیەو(( خودای ڕوناکی واتە خودای چاکە، خودای تاریکی، واتە خودای خراپە چەسپاند))(هەمان سەرچاوە: 85)،دەتوانین بڵێین ئەم هاوبەشی و لەیەك نزیکییە نەستێکی هاوبەشی لا دروستکردوون کە یۆنگ ناوی لێنا نەستی گشتیی.

ئایینەکانی پێشان زۆربەیان سروشت پەرستی بوون، ئەستێرە یەکێکە لە دیاردە سروشتیە سەرەنجراکێشەکان کە مرۆڤ ڕێزی لێناوە و پەرستوویەتی هەروەك لەسەر زمانی پێغەمبەر ئیبراهیم کە خودا دەگێڕێتەوە دەفەرموێت : ((فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ اللَّيْلُ رَأَىٰ كَوْكَبًا ۖ قَالَ هَٰذَا رَبِّي ۖ فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لَا أُحِبُّ الْآفِلِينَ.))،( قورئانی پیرۆز 14: 76)، واتە خەڵك بەدوای خوای خۆیدا گەڕاوە هەتا بیدۆزێتەوە، خوایەکیش بێت کە هەرگیز بزر نەبێت و کۆتایی پێ نەیەت و نەمرێت، بۆیە پێغەمبەر ئیبراهیم کە ئەستێرەی بینی گوتی ئەوە خودای منە، بەڵام دواتر کە ئاوابوو گوتی من ونبوانم خۆش ناوێت دیارە ئەوە خودا نییە، ئەوە بوو دواتر پێغەمبەر ئیبراهیم خۆی خودای خۆی دۆزییەوە.

دیارە کورد لە پێش ئیسلامدا واتە لە کۆندا هەر تەنها ئایینی زەردەشتی نەبووە، بەڵکو ئایینەکانی تریش وەرگرتووەو پەرستشی بۆ کردوون واتە جگە لە زەردەشتی ئایینی تریشی وەرگرتووە، ((ئایینی (جوو)ش بەهۆی (نەبو خەزنەسەری کوڕی نەبو بلاسەری کلدانی) لەسەدەی شەشەمی پێش زایین، دوای ڕاپێچکردنی سێ هەزار جولەکە لە ئۆرشەلیم بۆ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی گەیشتە ناوچەکانی کوردستان..))، (ئەنوەر، 2013:59) بۆیە دەتوانین بڵێین کورد لەگەڵ هاتنی ئایینی نوێدا تا ڕاددەیەك خۆی گونجاندووە زۆربەیان قەبولی ئایینی نوێیان کردووەو هەندێکیشیان لەسەر بیروباوەڕی خۆیان ماونەتەوە، ((ئایینی مەسیحیش لەسەرەتاکانی سەدەی یەکەمی زایینی لەلایەن مژدەدەرە مەسیحیەکانەوە لە کوردستانی خۆرئاوا و لەوێوە بۆ زۆربەی ناوچەکانی

کوردستان بڵاو بووەوە..))، (ئەنوەر،2013 : 59) واتە بڵاوبوونەوەی ئەم ئایانە لەناوچەکانی کوردنیشین چانسی باشیان هەبووەو کوردستان وەك کاروان سەرایەکبووە بۆ بڵاوبوونەوەی ئایینەکان بۆ ناوچەکانی تر (( مەزهەبی مانی لە ساڵی 228یزایین ڕاگەیەنرا، تۆزێك دوای ڕاگەیاندنەکەی سەرانسەری ئێران گرتەوە..))، (ئابادانی،2013: 39) دوا بەدوای مەزهەبی مانی کە بۆ ماوەیەکی باش، ئایینی فەرمی وڵات بووە دواتر ((مەزهەبی موزدەك لە ساڵی 497ی زایینی لە ئێراندا دەرکەوت، قوبادی پاشای ئێران چووە سەر ئەم ئایینە نوێیەو پەسەندی کرد، موزدەکیەکان لەلایەن ئەنەو شێروانەوە کۆکوژ کران ..))، ( هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە). ئەم مەزهەب و ئایینە جیاوازانەی ناوچە کوردنیشەکان و هاتنی ئایینی نوێ وایکرد کە خەڵك هەڵپەبکات بۆ دۆزینەوەی ئاینێك کە قایلی بکات و پێداوسیتییە ڕۆحییەکانی بۆ جێبەجێ بکات واتە بگاتە ئاینێکی ڕاستەقینە، کە ئەمەش شتێکی ئاسان نییە، ((لە پاڵ ئەو ئایین و بیروباوەڕانەی چەندین ئایین و بیروباوەڕی تر سەریان هەڵدا وەك (ئێزدی و ماندائی و کاکەیی و مەرڤیۆنی و دیسانی...تاد))، ( ئەنوەر، 2013: 50) بە پێی زانیارییەکانی ئێمە ئێستاش ئایینی ئێزدی و کاکەیی وزەردەشتی هەر ماون لە ناو کورداو پەیڕەوی ئاداب و بۆنە ئایینیەکانی خۆیان دەکەن.

هەر سەبارەت بە ئایینی زەردەشتی کە وەکو باوە لە ناو ئێمەی کورددا کە زەردەشت پەیامبەری کوردانەو لە دەوروبەری 700 ساڵ پێش زایین ژیاوەو کتێبەکەشی کە ئاڤێستایە، پڕە لە ئامۆژگاری و پەیامی باش بۆ خەڵك، لەبارەی خوای زەردەشتیشەوە ڕاوبۆچوونی جیاوازهەیە، (( لەم ڕوانگەوە مەزهەبی زەردەشت مەزهەبێکی دوو تا پەرستییە، مەزهەبی (ئاهوراو) و (ئەهریمەن) کە بریتیین لە مەزهەبی (ئەنگرمئی نو) و (سپنتا مئی نو) دووبوونەوەری خێرو شەڕ..))، (ئابادانی، 2013: 43) واتە وەکو ئایینەکانی تر دوو هێزی گرنگ کۆنترۆڵی ئایینەکەیان کردووە کە ئەوانیش هێزی چاکە و هێزی خراپەیە، هەروەك لە ئایینی ئیسلامیشدا (خودا) خۆی هێزی چاکەیەوە (عەزازیل)یش سەرچاوەی هێزی خراپەیە لە بۆچونێکی تردا هاتووە ((ئایینی زەردەشت یەکەم مەزهەبەکە لەم جیهانەدا لە بارەی ژیانی جیهانی دووەم و مەسئەلەی قیامەت دەدوێت هەروەها مەسئەلەی کۆتایی جیهان بەمەفهومی خۆی لێی دوواوە (ئابادانی، 2013: 54)، ئەمە بەراورد بە ئایینەکانی زەمینی و ئەوانەی هاوشێوەی ئایینی زەردەشتین ئەگینا ئایینەکانی جوو، مەسیحی، ئایینی ئیبراهیم کە پێش سەردەمی زەردەشتن یەکتا پەرستبوون و داوای یەکتاپەرستیان کردووە و باوەڕیشیان بە دوارۆژە هەبووە.

**2. چەمك و پێناسەکانی ئەفسانە**

ئەفسانە بیروباوەڕو زانستی کۆنە، واتە زانستێك پێش مێژوو کەوتووە، ئەفسانە سەرچاوەیەکی گرنگی بابەتەکانی ژیانە، بە واتایەکی تر جوغزێکە هەموو ڕەمەك و جوانییەکان و شەڕانگێزییەکانی مرۆڤی تێدا دەسوڕێتەوە، کاتێك تۆ بەرامبەر کارێکی گەورەو ناوازەدەوەستیت دەڵێت ئەفسانەییە، ئەفسانەش پەلی بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان بڵاوبۆتەوە هەموو شتێك جگە لە لایەنە واقیعیەکەی لایەنێکی ئەفسانەییشی هەیە.

لەبەرئەوەی ئەفسانە ڕەگ و ڕیشەی قووڵەو گەڵاکانیشی زۆر بڵاون، ئەوا پێناسەی جۆراجۆری بۆ کراوە، واتە پێناسەیەکی گشتگیرویەکدەنگ بۆ ئەفسانە ڕەنجێکی بەفیڕۆ چووە، زۆر لە فەیلەسوفان و شارەزایانی میتۆلۆژیا بە زۆر شێوە پێناسەیان بۆ ئەفسانە کردووە، لەبەرئەوەی ئەفسانە زۆر فراوانە جێگەی سەدان لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیە و مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە (( ئەفسانە لە ڕووی تەمەنەوە تەمەنی لەگەڵ سەرەتای بیرکردنەوەو بەکارهێنانی ئاوازەو زمان پژانی مرۆڤە، هەروەها بەردەوامیشە و لە هیچ قۆناغێك واز لە مرۆڤ ناهێنێ و هەموو پانایی جوگرافیای مرۆڤایەتی گرتووەتەوەو تێکەڵ هەموو لایەنەکانی ژیان بووە))، (حەسەن، 2007: 40)، واتە لەگەڵ مرۆڤ بەیەك هێڵدا ڕۆیشتوون و پێکەوە گەورەبوون و پیر بوون، بۆیە لەم ڕێڕەوەی ژیانەدا چەندین پێناسەی جیاجیا بۆ ئەفسانە کراوە و هەندێکیان دەخەینە ڕوو.

((ئەفسانە دایکی هەموو داهێنانەکانە)) (حەسەن، 2007: 35)، ئەگەر مرۆڤ خاوەنی چەندین داهێنان بێت ئەوا دایك و سەرچاوەی داهێنانەکان ئەفسانەیە، چونکە وەك باسکرا هەموو لایەنەکانی ژیان بە جوانی ناشرینەوە لە خۆ دەگرێت.

((ئەفسانە حەقایەتێکی ئاسایی و باوە لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە و هەندێ گۆڕانیشی بەسەردادێ ئەگەرچی کەس ناتوانێ بیگۆڕێت..))، (سەمارە، 2008: 4)، بە تەواوی ناتوانین بیگۆڕین واتە سەر لەبەری حەکایەتێکی ئەفسانەیی بەکەس ناگۆڕێت، بەڵام لە گێڕانەوەدا گۆڕانی بەسەر دادێت و درێژی و کورتی و زمان و کەسایەتییەکانی وەکو خۆیان نامێنن، بەڵام ناوەڕۆکەکەی بە نەمری دەمێنێتەوە.

((وشەی ئەفسانە لە زمانی کوردیدا لە یەکێك لە ماناکانیدا بە واتای مێژوویەکی دوورو خەیاڵی و چیرۆك و سەربوردەیەکی ناڕاست دانراوە..))، (خۆشناو، 2013: 16)، لە ڕاستیشدا کە ناوی ئەفسانە دێت مرۆڤەکان یەکسەر بیریان بۆ شتی پڕو پووچ و خەیاڵی دەچێت، یەکێك لە ڕامانەکانی ئەفسانە لە زمانی کوردیدا حەکایەتی خەیاڵی و دوور لە ڕاستییە.

((ئەفسانە بیرو باوەڕی مرۆڤی ڕۆژانی زووە، بیروباوەڕێکی پیرۆز کە بە شێوەی تیۆری لە دەروونی ئادەمیزادا جێگیر دەبن، بۆ ئەوەی لەسەر ئەم بیروباوەڕە پیرۆزانە بەردەوام بێت، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی دووبارە کردنەوەی کۆمەڵە ڕەفتارێك دۆخێکی پراکتیکیان پێبدات بەم پێیە ڕێوڕەسمی پیرۆز ڕاگرتنی بیروباوەڕە پیرۆزەکان لە دایك دەبن..))، (خۆشناو،2013: 17)، مرۆڤی ڕۆژانی زوو بەرامبەر دیاردە سروشتییەکان دۆش داماوە، چونکە لەسەرووی ئیرادەی خۆی بوون لێیان ترساوەو بە پیرۆزی زانیون وەك هەورەتریشقە، بروسك، لافاو، بومەلەرزە...هتد کە ڕوویانداوە ئەو لێکدانەوەی بۆ کردوون، ئەم لێکدانەوە سەرتاییە دەبوونە بیروباوەڕوزانستی خەڵك لەسەری دەڕۆیشتن.

لە وێبگەی الأنبا تکلاهیمانوت (2014)دا هاتووە: ((شلنج shelling 1775_ 1854 ) وای دەبینێت کە ئەفسانە چەند حەقیقەتێکی میتافیزکی لە پشت خۆیەوە شاردۆتەوە وەکو فەلسەفەیەکی مرۆڤایەتی...))، دیارە شلنج حەقیقەت و فەلسەفە لە ئەفسانەکان هەڵدەهێنجێت و دەیاندۆزێتەوە بەو واتایەی حەقیقەت و فەلسەفەکاری مرۆڤەکە پێی بگات لە کاتێکدا مرۆڤی بەرایی لەناو ئەفسانەکاندا ئەم کارەی کردووەو پێیشی گەیشتووە.

هەرلەبارەی ئەفسانەوە فرۆید لە وێبگەی الأنبا تکلاهیمانوت (2014)دا دەڵێت: ((ئەفسانە لە دایکبووی هەستە چەپێنراوەکانە کە مرۆڤ لەناوچەی (نەست) دا دەیانپارێزێت، بۆیە ڕووداوەکانی ئەفسانە بە کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە پەیوەست نابن، لەچوارچێوەی بیکات و شوێن دەچنە ژوورەوە..)).

کەواتە فرۆید وای بۆ دەچێت کە ئەفسانە بەرهەمی خواست و ئارەزووە چەپێنراوەکانی مرۆڤەکە دەچنە ناوچەی (نەست)ی تاکەکان، حەزوو ئارەزوو خەونەکانیش هەر بۆ نەست دەباتەوە، ئەوەتا ئەفسانەش بۆ حەزو ئارەزووە چەپێنراوەکان دەگەڕێنێتەوە هەربۆیەش ئەفسانە پەیوەست نابێت بە کات و شوێنەوە.

((میتۆلۆژیا چیرۆکێکی تەقلیدییە لە بارەی جیهانێك کە لە واقیعدا بوونی نییە، کاتی دیار نییە و نەناسراوە و دانەوەکەشی نادیارە، پاڵەوانەکانی خەیاڵین، پیاو ئاژەڵ و خواوەند و ڕۆح و ئافرێدەکراوی میتافیزیکین..))، (ئیسماعیل، 2004: 162)، دەتوانین بڵێین ئەفسانە چیرۆك و ژیانی ئەو جیهانەیە کە لەبەرچاوی ئێمەدا بوونێکی ماددی نییە و سەر گوزشتەی جیهانێکی مەعنەوی و نادیارە، کە جیهانەکەش نادیار بوو ئەوەی لە ناویشی دایە وەك مرۆڤ و ئاژەڵ و شوێنەکان ئەوانیش بەنادیاری دەمێننەوە، بەڵام بیرکردنەوە لە ئەفسانە و بیرکردنەوەی ئەفسانەیی نادیار نییە، ((لیڤی شتراوس لەمیانەی توێژنەوە مەیدانییەکان لە بارەی هۆزە بەراییەکان، گەیشتە ئەو باوەڕەی بیرکردنەوەی میتۆلۆژی لە دەرەوەی لۆژیك نییە، بەڵکو خۆی لە خۆیدا لێکدانەوەیەکی میتۆلۆژییە))، ( ئیسماعیل_ شەریف، 2004: 162)، واتە مرۆڤەکان لە مێژویەکی زۆر کۆنەوە سەرقاڵی بیرکردنەوەی ئەفسانەیی بوون، هۆزو قەبیلەکانی کۆن چ لە ڕۆژهەڵات چ لە ڕۆژئاوا زۆربەی پرەنسیپەکانی ژیانیان لە بناغەیەکی ئەفسانەیی ڕاهاتووە و ڕەنگە بوونێکی نیمچە واقیعیشی هەبێت، بەڵام لەگەڵ ڕۆیشتنی کات و بەرەوپێش چوونی زانست و تەکنەلۆجیاو گۆڕانی ڕەوشی ژیان کەرەسەکان ژیان و دامودەزگاکانیش گۆڕاون و ئەوانەی پێشتر بوونە کەلتور و مێژوو، ((ئەفسانە بریتییە لە هەوڵی مرۆڤ بۆ ئەوەی لە گەردوون و دیاردەکانی بگات، یاخود بریتییە لە لێکدانەوەی مرۆڤ دەربارەی ئەو دیاردانە، بێگومان بەرهەمێکە زادەی خەیاڵ، لەگەڵ ئەوەشدا لە چەمکێکی دیاریکراو و فەلسەفەیەکی سەرەتاییەوە پەیدابووە، واتا ئەو فەلسەفەیەی کە لەوە زانست و فەلسەفە گەشەی کردووە و گۆڕاوە..))، (موکری، 1984: 39).

لەبەرئەوەی گەردوون و جیهان پڕە لە نهێنی و شتی سەرەنجڕاکێش، مرۆڤیش هەوڵیداوە نهێنیەکانی ژیانی ئادەمیزاد ئاشکرابکات و دەستی بگاتە پەنهانییەکان بۆ ئەمەش پێویستی بە هێزێکی نادیار هەبووە، بۆ ئەوەی نادیارییەکەی پێ ئاشکرا بکات بۆیە پەنای بۆ ئەفسانە و جادوو بردووە بۆ ئەوەی ئامانجەکەی بپێکێت.

_یەکێکی تر لەو زانایانەی باسی ئەفسانەیان کردووە لە وێبگەی الأنبا تکلاهیمانوت (2014)دا هاتووە ئەریك فرۆم (Erich from) لە بارەی ئەفسانەوە دەڵێت: (( ئەفسانە زمانێکی هێمایە، ئەگەر توانییان هێماکان شیبکەینەوە ئەو کاتە جیهانێکی پڕ لە زانیاریمان لە بەرامبەردا دەکرێتەوە.)).

بێگومان ئەفسانە پڕە لە هێما وەکو خەون کە جیهانێکە پڕ لە کۆدی نەزانراو، ئەگەر توانیمان ئەو کۆدانە بکەینەوە ئەوا خەونەکەمان بۆ لێکدەدرێتەوە، ئەفسانەش وەکو خەون پڕ لە هێمایە، کەسێك دەبێت ئەم هێمایانە شیبکاتەوە ئینجا دەگەین بە واتاکەی، هەر لەم بارەیەوە جۆزێف کەمبڵ (Joseph Campbell) دەڵێت: ((ئەفسانەکان بریتین لە کۆمەڵێ کلیلی توانا ڕۆحییەکانی مرۆڤ..))، (پاڵەوان، 2008: 9)، ئەمەش بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە کاکڵە و ناوەڕۆك ڕۆحی مۆرکەکانی ژیانە و ناوك و ڕۆحی مرۆڤیش سەرچاوەی تەقینەوەی کانیاوی زانست و ژیرییەکانە نەك جەستەکەی بۆیە (( ئەفسانە خەونی کۆمەڵگەیە، ئەفسانە خەونی گشتییە و خەون ئەفسانەی تایبەتە، ئەگەر هاتوو ئەفسانەی تایبەت و خەونی تایبەتت لەگەڵ ئەفسانەی گشتگیردا بگونجێ،

ئەوە مانای وایە تۆ پەیوەندییەکی ڕێك و پێکت لەگەڵ گروپی خۆتا هەیە، ئەگەر پێچەوانە بوو ئەوا لە نێو دارستانێکی تاریکدا لەسەر سەختییەکدای کە ڕووبەڕوی دەبیتەوە..))، (پاڵەوان، 2008 : 88)، کەواتە ئەندامانی کۆمەڵگە لە ئەفسانەدا هاوبەشن و بەیەکەوە خەونکە دەبینن، بەڵام هەرچی خەونە ئەوە وەکو ئەفسانەیەکی تایبەت بە خۆت وایە، جا ئەگەر خەونی تۆ کە لە هەمان کاتدا ئەفسانەیەکی تایبەتە ئەوا لەگەڵ ئەفسانەی گشتی کە خەونی کۆمەڵگایە هاوتەریب بوون و دژ نەبن ئەوا تۆ لە ئاسوودەییدا دەژیت و لە ڕووی دەروونییەوە هیچ گرفتێکت نییە، بەڵام ئەگەر وانەبوو ئەوا لە دڵەڕاوکێ و ناتەندروستی دەروونیدا دەژیت.

هەر لەبارەی پێناسەی ئەفسانەوە هاتووە: ((میتۆلۆژیا ئەو کۆڵەگە بنەڕەتی و پتەوەیە کە وەك تارماییەك باڵی بەسەر هزرو تێڕوانینی مرۆڤایەتیدا دەگرێت، ئەمە بە تایبەتی لە کۆمەڵێ سەرەتاییدا بەوەی کەوا قەناعەتی یەکجارەکی بەمرۆڤ دێنێت لە بارەی جۆری سیستمی ژیانییەوە بە حکومی ئەوەی لە ڕێی هێزی ئەفسانە و خەیاڵەوە بەهانە بۆ چۆنییەتی دروستبوونی سیستەمەکان دێنێتەوە و کارتی ڕەوایيان پێدەبەخشێ..))، (شەریف، ڕامان، 2000: 21)، بۆیە مرۆڤ نەیتوانیوە خۆی لە ئەفسانە ڕزگار بکات و پەراوێزی بخات، بەدرێژایی مێژوو لە پێشکەوتندا بووە لە ڕووی جۆری ژیانکردن و دۆزینەوە (أکتشاف) ئەمڕۆی لە دوێنێ باشتربووە، ئەفسانەش وەکو سێبەر نە لە مرۆڤ و نە لەژیان بە گشتی دانەبڕاوە چونکە، ((ئەفسانە لەگەڵ ناوی خۆیدا مانای (کۆن)ی هەڵدەگرێ))، (حەسەن،2007: 31)، بەڵام شانبەشانی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجیا و زانستدا ئەویش بەرەو دواوە نەگەڕاوەتەوە و مرۆڤیش ویستویەتی ئەو ڕووداو بەسەرهاتانەی خۆی بزرنەبن، بۆیە لە شێوەی حەکایەت پشتاوپشت گێڕدرانەوە و لەم گێڕانەوەشدا کەم و زیادی بۆ ڕووداوەکان کراوە، بەڵام ناوەرۆکەکەی وەك خۆی ماوە.

**1.2. ڕوانینی یۆنگ بۆ ئەفسانە**

کارل گۆستاڤ یۆنگ ( carl Gustav Jung) یەکێکە لەو زانایانەی کە باسی ئەفسانەیان کردووە و ڕوانینی تایبەتی خۆی هەیە لەمبارەیەوە لە وێبگەی الأنبا تکلاهیمانوت (2014)دا هاتووە ئەوزانایە (( ئەفسانەی دەگێڕایەوە بۆ نەستی گشتی بە واتای نەستی تایبەت بە کۆمەڵێك نەك تاکێك، ئەم جۆرەشیان دەربڕی خەونی کۆمەڵێکە نەك خەونی تاکێك..)).

واتە نەستی باوباپیرانی ئێمە کە بەیەکەوە ژیانیان کردووە و سەختییەکانی ژیانیان بینیوە و دواتریش خەونیان بە ژیانێکی باشتر بینیوە هەرمرۆڤە و نەستی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام سەرچاوە و کارێکەری نەستی تاکیش هەر نەستە گشتییەکەیە کاردەکاتە سەر نەستی تاك و بیرکردنەوەیان، مانەوەی دابونەریت و بۆنە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان و بیروباوەڕەکان لە ناخی مرۆڤەکاندا هەڵگیراون و مرۆڤ نەیویستووە بزربن، بۆیە پێویستیان بە گێڕانەوەی پشتاوپشت هەبووە، لەبەر ئەوە ئەگەر ((ئەفسانە هیچ نەبێت جگە لە پاشماوەی مێژوویی، پێویستە لەسەر مرۆڤ بپرسێت بۆ چی بە درێژایی ئەم هەموو کاتە زۆرە ون نەبوو؟، بۆچی هەستکردن بە کاریگەرییەکان هەر دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت؟ لەسەر ئاستی بەرزترین پلەی شارستانیەت...))، (یونخ،2016 : 313)، یۆنگ دەیەوێت پێمان بڵێت کە ئەفسانە شتێکی بەسەرچوو نییە و لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیان و شارستانییەت، بەڵام ڕۆڵ و کاریگەری ئەفسانە هەر دیارو ئاشکرایە لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی.

هەرچەندە لە ئەفسانە قووڵ ببینەوە نهێنی زیاترت بۆ دەردەکەوێت و دەگەیتە فەزایەکی تر کە وێنە ئەفسانەییەکانە، (( وێنە ئەفسانەییەکان ڕەنگدانەوەی ڕۆحی هەریەك لە ئێمەن، بە قووڵبوونەوە لەم وێنانە، هێزی ئەم وێنانە بۆ ناخمان دەگوازێتەوە)، (کەمبڵ، 2008: 9)، ئەمەش پێمان دەڵێت کە ڕۆح یان کاکڵەی شتەکان لە توێکڵەکانیان بە نرخترن و سوود دوو بەهایان زیاترە، هەمیشە داهێنان و کانگای زانیاری و ڕۆشنبیری کەسەکان ناخیانە، نەك ڕواڵەت.

**٢.٢. ئەفسانەی کوردی:**

ئەفسانە وەك هێز و زانستێکی کۆنی گەلانی دنیا دەرکەوتووە و حیکمەت و دانایی ئەو گەلانەشی لە بیروباوەڕەکانی ئەفسانە دا چڕبوونەوە و ژیان و گوزەرانی خۆیان لەسەر دامەزراندووە، ((ئەفسانەی کوردیش هەروەکو ئەفسانەی نەتەوەکانی تر دەربڕینی هەوڵی مرۆڤە سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕووداوە سروشتییەکان، ئەفسانە و بە تایبەتی چیرۆك لەناو کوردەواریدا کێشە و خەباتی خەڵك ئەنوێنێ بۆ چارەرکردنی ئەو کێشەکانە...)) (موکری، 47:1984)، کەواتە کورد وەکو میللەتێکی ڕۆژهەڵات خاوەنی سامانی فۆلکلۆری خۆیەتی لەناویشیاندا ئەفسانە پانتاییەکی زۆری داگیر کردووە، هەر کاتێك و هەر کەسێك بیەوێت لە ئەفسانە بکۆڵێتەوە، دەبێت ئاوڕێك لە کەلتوری ئەو نەتەوەیە بداتەوە، چونکە خودی ئەفسانە بەشێکە لە ئەفسانەی جیهان ئەو بنەمایانەی بۆ ئەفسانەی جیهانی دروستن بۆ ئەفسانەی کوردیش هەر دروست و ڕاستن.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەفسانەی کوردیش وەکو ئەفسانەی گەلانی تر دوو هێز کۆنترۆڵی کردووە ئەوانیش هێزی چاکە و هێزی خراپەیە،(( لە ئەفسانەی کوردیدا شەڕێکی سەخت بەدی ئەکرێ لە نێوان بەرەی ڕووناکی و بەرەی تاریکیدا))، ( موکری، 1984: 48)، بەرەی ڕووناکی یان هێزی چاکە لە ئەفسانەی کوردیدا هەمیشە براوەیە و سەردەکەوێت، بەرەی تاریکیش کە هێزی

خراپەیە دۆڕاوەو سەرناكەوێت، هەڵسوڕێنەرانی ئەم دوو هێزەش لە ئەفسانەی كوردیدا سەرچاوەی هێزی چاكە خودایەو نەزانین یان شەیتان سەرچاوەی هێزی خراپەیە، فریشتە هێزی چاكەیە، خدری زیندە هێزی چاكەیە، شەیتان و دێو و درنج و پیرێژن هێزی خراپەن لە ئەفسانەی كوردیدا.

لەبەرئەوەی ئەفسانە دنیایەكی فراوانە هەرچەندە لە ناوی بگەڕێیت، ئەواشتی تازەی تێدا دەدۆزیتەوە، ((هەر بۆیە گەڕان بە نێو ئەفسانەی كوردیدا بەدوای ڕاستییە مێژووییەكان كارێكی پێویستە و هێشتا زۆر شت هەن لە گۆشەكانی ئەفسانەدا دەرنەهێراون و نرخی ڕاستەقینەیان نەدۆزراوەتەوە))، ( حەسەن، 2007 : 49)، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت كە ئەفسانە پەیوەندییەكی قووڵی بە مێژووەوە هەیە، هەندێك كەسایەتی لە مێژوودا ئەفسانە گۆڕانكاریی بەسەر داهێناون، وەكو شینبوونی مار لەسەرشانی (زوحاك)ی پاشای مادەكان، ((ئەفسانەی دروستبوونی ئەژدیها و بە ئەژدیها بوونی ئەشتیاك پاشای مادەكان، كە لەوەشدا زۆر ڕاستی گۆڕاوە و خەیاڵاوی و ئەفسانەیی كراوە، ئەم پاشایە وەك لە مێژوودا باس دەكات، یەكێ لە پاشا سەركەوتوو دادپەروەرەكان بووە، كەچی ئەفسانە ئاوا بەم دەردەی بردووەو بە پێچەوانەوە كردوویەتی بە دڕندەیەكی خوێنخۆر..))،(حەسەن، 2007 : 47)،ئەمە نموونەیەكی بەرچاوە لەم بابەتەدا كە ئەفسانە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئەم بابەتەدا هەیە، لەلایەكی ترەوە ئەو نەتەوەیەی كەسەكانی خۆی بە ئەفسانەیی دەكات مەبەست (كەسە مێژووییەكانە) ئەوا زۆربەی جار قازانج دەكات، چونكە كەسایەتییە مێژووییەكە دەبەنە قاڵبی ئەفسانەی پیرۆز كردن، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ئەوانەی كەسایەتییە مێژووییەكە بەكەم سەیر بكات و لە نەتەوەی خۆی نەبێت ئەوا بەر قاڵبی ئەفسانەی ڕەشكردن دەكەوێت.

ئەفسانە وەك بیروباوەڕ هەمیشە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمدا خۆی گونجاندووە و لە هیچ قۆناغێكی ژیانی ئادەمیزادا بەجێنەماوە، سەروكارێكی زۆر توندو تۆڵیشی لەگەڵ ئاییندا هەیە وەك ئاماژەمان پێكرد بۆیە ئەفسانە، ((وەكو فاكتەرێكی بەهێز بۆ گێڕانەوەی ڕابردوو لە ئێستادا ڕابردوویەكی دووری مرۆڤایەتی كە تێیدا مرۆڤ لەگەڵ سروشت لە ململانێ یەكی سەختدا بووە..))، (ئیسماعیل/ شەریف، 2004 : 162)، واتە لەگەیاندنی هەواڵی ڕابردووی دووری مرۆڤایەتی بە ئێستا ئەفسانە ئەركێكی گرنگی گێڕانەوەی بەجێ گەیاندووە كە ڕەنگە بەخودی مێژوو خۆی ئەم كارە نەكرێت، بەمەش ئەوە دەردەكەوێت كە دەقە ئەفسانەییەكان خزمەتێكی تەواویان بە مێژوو كردووەو دەیكەن.

ئەوەی ماوە بڵێین ئەوەیە كە ئەو میللەتانەی پابەندی بیروباوەڕی ئایینین، هەتا ئێستاش ئەفسانە لە ناویاندا گرنگ و بەهادارە، چونكە زۆرێك لەو بیروباوەڕە و دیاردە ئەفسانەییانە بەڕاست دەزانن و باوەڕیان پێی هەیە، جا ئەگەر باسی ئەو شتانە بكەین كەبەسەرهات و چیرۆكی ئەفسانە بێت ئەوا نموونەی (ئاوی جندیان) و (بەردی پیرۆز) دەهێنینەوە، سەبارەت بە ئاوی جندیان كە كانیەكە لە بناری چیای هەندرێن هەڵدەقوڵێ و ئاوێكی باشی لەبەردەڕوات، ساڵێ چەند جار دەگیرێ و وشك دەبێ، كە ئاو دەبڕێ قووڵی كانییەكە وەكو بیرێكی بێ بن وایەو بەردی تێدەهاوێن هاشەی دێ، ئەو وشكبوونە لە پڕەوەیە نەك كەم كەمە، كە هاتەوەش لە ناكاو دێتەوە زۆرجار خەڵكەكە بەهۆی تەقەوە ئاوەكە دێننەوە، ئەمەش خەڵكی ناوچەكە بە كارێكی ئەفسانەیی لێكی دەدەنەوە. من خۆم لە خەڵكم بیستووە كە ئاوەكە دەگیرێ ئەوا جنەكان ئاویان گرتۆتەوە و شینایی لەبەر دەكەن، دواتر دەركەوت كە كانییەكی تر لە ڕۆژهەڵاتی چیای هەندرێن هەیە هەركاتێك ئاوی جندیان گیرا كانیەكەی تر ئاوی لێ پەیدا دەبێت دیارە ئەمەش دیاردەیەكی فیزیایی و سروشتییە.

هەرچی چیرۆكی دووەمە كە (بەردیپساڵانە لە هەفتەی دووەمی مانگی گوڵان، خەڵكی هەورامان و ئاواییەكانی دەوروبەر، بۆ پیرۆزكردن و چارەسەری نەخۆشان، پارچەیەك لەو بەردەی كە لە تەنیشت مەزاری ،پیرشالیار، هەڵكەوتووە، لێدەكەنەوە و لەگەڵ خۆیان دەیبەنەوە ماڵ، لەسەر ئەو باوەڕەن كە بەهۆی كەرامەتی پیرشالیارو ئەو بەردە پیرۆزە بووە، ئەمەش بەو هۆیەی كە هەر ساڵ وەك خۆی لێدێتەوە، بەڕای نوسەری كتێبی (پێكهاتەی ئەفسانەی كوردی) ئەوبەردە لە توخمی بەردە ڕوەكیەكانە ساڵانە وەك هەر ڕوەكێك گەورە دەبێ و جێ پارچەكان پڕ دەكاتەوە.) ،(حەسەن، 2007: 141 _144).

ئەوە بۆمان دەردەخات كە ئەو دیاردە ئەفسانەییانە ئێستاش لەناو ئێمە مانان بەڕاست دەزانن و باوەڕیان پێی هەیە، بە تایبەتی چینی عەوام یان نەخوێندەوار.

**3. ئایین وەك نەستی گشتی لە ڕۆمانی (وازییەكانی ڕەشەگۆم)ی كاكە مەم بۆتانی دا.**

ئایین وەك لە پێشتر باسی لێوەكرا كە پێویستییەكی ڕۆحی مرۆڤەكانە، هیچ مرۆڤێك بێ ئایین نییە و بێ پەرستراو نییە، لە سەرەتای ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی تا ئێستا ئایینەكان هاتوون و ڕۆیشتوون چەندین چەرخ و سەردەمیان بەسەردا ڕۆیشت بەڵام ئەوان هەرمان و كۆن نەبوون.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە باسی لێوە بکەین ئەوەیە کاتێك ئایین دەبێتە نەستی گشتی و بەم هۆیەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو زۆر پێناسەمان بۆ ئایین کردووە، ئایین لە دوو لایەن پێکدێت کە بیروباوەڕ و کردارە واتە کارکردن بەم بیروباوەڕە بۆیە ئەگەر مرۆڤ باوەڕی بە پەرستراوێك هەبوو ئەوا لایەنە تیۆرییەکەی وەرگرتووە، ئەگەر باوەڕەکەشی جێبەجێکرد ئەوا پراکتیکەکەشی ئەنجامداوە، بۆیە لە زۆربەی ئایینەکان گوتراوە کە باوەڕی تەواو ئەوەیە تۆ هەم باوەڕت هەبێت و هەم کرداریش جێبەجێ بکەیت.

یەکێك لە تەرزە سەرەتاکان کە یۆنگ باسی دەکات (ئایین)ە کە بووەتە نەستی گشتی واتە لە نائاگایی خۆمانەوە ئایین بووەتە پێویستییەکی ژیانمان و کەس لێی بێ بەش نییە و بەردەوامیشە.

لە ڕۆمانی وازییەکانی ڕەشەگۆمدا، ڕۆماننووس لە چەند شوێنێکدا باسی ئایین دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ ئایینە کۆنەکانی سەردەمانی ڕابردوو ،ئەویش واتە ڕۆماننوس گەلێك جار لەنائاگایی خۆیەوە هەندێك شتی باسکردووە ،کەچۆتە نەستی و لەنەستی گشتیی نەچۆتە دەرەوە،هەرچەندە ئایین لەگەڵ ئەفسانەدا زۆر چوونەتە ناو یەکتریی، بەڵام وامان بە چاك زانی ئەکادیمییانە باسیان بکەین و بەجیا لێیان بڕوانین. ئەوەی گرنگیشە ئەوەیە ئەو بنەمایانەی ئایین کە باسمان کردن بوونەتە تێڕوانینێکی گشتی مرۆڤەکان و لە نەستی نەوەکاندا ماوەتەوە.

یەکێك لە بنەماکانی ئایین، کە هەرەمی گشت ئایینەکانە باوەڕهێنانە بە خودا کە داوای یارمەتی و هەموو شتێك هەر لە خودا دەکرێت هەروەك لە ڕۆمانەکەدا هاتووە ((وەك خۆی ڕۆژان، دوای عادل و ئەستێ دەستنوێژی گرت، لە پشت مێردی و تەك دایکی دووگردی ڕاخست. چووە حزور خوا.. پاش سەلام لە یەزدان پاڕایەوە، ڕێی ڕزگاری نیشاندا، عادلی بۆ بهێڵێ.. دەردی تازەی لەسەر سووککا، لە پاداشتی ئەو هەموو دەرد و دووە، نەوەی پێ ببەخشێ.. ماڵەکە ئاوەدان بێتەوە))، (بۆتانی، 2011: 195)، ئەوە بنەمایەکی گرنگە و یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ئایین کە باوەڕهێنانە بە خودا و هێز و دەستەڵاتەکەی، داوای یارمەتی و ڕزق و ڕۆزی و تەمەن و منداڵ هەر هەمووی داوا لە خودا دەکەین لەم دەقەدا ئەو کەسە داوای هەموو شتێك لە هەموو دەکات، مەبەست لە هەموو هەر خودا خۆیەتی کە دەستەڵاتی بەسەر هەموو جومگەکانی ژیاندا هەیە، بوون و ژیان و مرد هەر بەدەست ئەوە، لە ئایینە ئاسمانییەکان و ئایینە زەمینییەکانیش هەر وایە.

- یەکێك لە بنەماکانی ئایین بە گشتی لە هەموو ئایینەکانیشدا هەیە باوەڕهێنانە بە پیاوانی ئایینی کە پێیان وایە ئەو پیاوە ئایینیانە پەیوەندییان لەگەڵ خودا هەیە و کارەکانی خەڵك ئاسان و چارەسەر دەکەن، ((مەزاری ئەم شارە نەماوە، سەری پێدانەکەم، کێلی نەلەقێنم.. دوعای شێخ و سەید نەماوە بەقورگیا نەکەم.))،( بۆتانی، 2011: 93)، بۆ چارەسەری نەخۆشییە دەروونییەکان و نەخۆشی ژنان و منداڵنەبوون و ئەمانە تەنانەت نەخۆشییە جەستەییەکانیش وەك ژانەسەر و مل ئێشان... هتد پەنایان بۆ نوشتە و دوعا بردووە، چونکە وائێگەیشتبوون کە ئەو پیاوە ئایینیانە هەموو شتێکیان پێدەکرێت و خاوەنی ئایینەکەن نەك پیاوی ئایینی، بۆیە پەنایان بۆ بردوون جا ئەو پیاو چاکانە لەژیاندابن یان مردوو بن وەك گۆڕستان و شەخس و چاك و پیر، کە شیفا بۆ ئەو نەخۆشە بێرن. ئێستاش دوای ئەو هەموو زانست و تەکنەلۆجیایە، بەڵام خەڵکێك هەن، کە باوەڕیان بەنوشتەو دوعا هەیەو بۆئێمە ماوەتەوە ،کەواتە ئەوە ئایینە کە ئەو نەستەی بۆ ئێمە گواستۆتەوە. ئەمە لە کۆندا زیاتر باو بوو وەك لە ئێستا، بەهۆی پێشکەوتی بواری تەندروستی، خەڵك ئێستا پەنا بۆ دوعا و نووشتە نابەن بەتایبەتی بۆ نەخۆشییە جەستەییەکان، بەڵام لە نەستی ئێمە مانان ماوەتەوە، بەتەواوی بنەبڕ نەبووە.

- لە لاپەڕە (260)دا باسی کاڵفامی و سادەیی خەڵکی کورد دەکات کە بە شێخ و دەروێش و ئەمانە بڕوادەکەن هەروەك لەم گفتوگۆیەدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە:

(( - بەسەری ئێوە موعجیزە بوو!

- ئەستەخفیروڵڵا.. قسەی وامەکە!

- شێخ فەرموویەتی، زەمانی موعجیزە نەماوە!

- بڕوام پێبکەن.. ئەوەی دیم.. موعجیزە بوو!

- .. دەبێ غەیبزان بووبێ!

- یان سیحرباز

- یان جادووگەر

- دەروێش لەفەیەکی جگەرەی پێچایەوە، بە دار قەنەوەیکرد، دوا بڕیاریدا:

- غەیبزان؟! .. بڕوا مەکە.. مەگەر لای شێخمان مابێ.. ڕۆحم بە قوربانی جەدی پیرۆزیان بێ!)، لەم گفتوگۆیەدا باس لە تێگەیشتنی ئایین دەکرێت بە لای کەسانی سادە و ساکارەوە کە باوەڕییان بە شێخ و پیاوانی ئایینی دەکەن. بێگومان باوەڕداران مافی خۆیانە

باوەڕ بە پیاوانی ڕاستەقینە بکەن، بەڵام لە پەنای ئایندا زۆر شت دەکرێت کە خودا و ئاینەکە لێی بێبەشن. ئەو ململانێیەش باسی دەکات کە لە نێوان شێخ و دەروێشان هەیە بە درێژایی مێژوویی ئایین، ئێستاش لەگەڵدا بێت باوەڕکردن و باوەڕنەکردن بەوەی شێخەکان غەیبزانن وداهاتوو دەزانن یان نایزانن لەم نێوانە داماوەتەوە، هەتا ئێستاش زۆربەی خەڵك لە نێوان ئەم دوو بەرەیەدا دابەش بوون نازانن بڕوا بکەن یان نا، کە شێخ غەیب دەزانێت بۆیە ئەمەش بووەتە نەستێکی گشتی و بۆمان ماوەتەوە بێئەوەی هەمووومان گفتوگۆمان لەگەڵ شێخ و دەروێشان کردبێ.

هەر لەگەڵ پیاوی ئایینی و نوورانی ئەمجارەیان، پیاوێك گوێ درێژەکەی ونبووە و بەدوایدا دەگەڕێ لەم کەژ و کێوانە زۆر هیلاك بووە و لە لای ئەشکەوتێك دادەنیشێ بۆ ئەوەی بحەسێتەوە لە پڕ ((پیاوێکی سەر و ڕیش و سمێڵ و برۆ ماش و برنج.. سپی پۆشی چاو گورگانی، بەتەزبیحێکی ئەبڵەقەوە، لەگەڵ ڕەشپۆشێکی تر، لە دەمی ئەشکەوتەکە هاتنە دەرەوە ئەوەی لەگەڵم بوو کەوتە سەر چۆك کڕنووشی برد.. ئاماژەشی بۆ من کرد.. ڕووی نوورانی پیاوەکە ئەوەندە پیرۆز و کاریگەر بوو واشی نەگوتبایە.. دادەهاتمەوە..))، (بۆتانی، 2011: 266)، واتە لە نەستی هەردوو پیاوەکە دەردەکەوێت کە هەردووکیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەم پیاوە نوورانییە کەسێکی پیرۆزە و دەبێ ڕێزی لێ بگری و بۆی بچەمیتەوە،لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کەسایەتی پیرۆزو ڕۆحانی لە زۆربەی ئایینەکاندا، بەتایبەتی لەئایینی کورددا،بەمشێوەیە وەسفکراوەو پیرۆز بووە.

ئەم بەسەرهاتە و شێوەکانی زۆرجار دووبارە دەبنەوە کە لە چیا و چۆڵدا کەسێکی ڕیش سپی نوورانی پەیدادەبێت و دەبێتە فریادڕەس و یارمەتی کەسە لێقەوماوەکە دەدات، لەناو کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا کە زۆر پەیوەستن بە هەندێك بیروڕا پێیان وایە ئەمانە ئایینن، لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا مەسەلەی خدری زیندە تەنانەت مامۆستایانی ئایینیشی دوولەت کردووە، بەشێکیان پێیان وایە ئەو کەسەی کە موسا داوای لێدەکات یاوەری بکات، ئەوا خدری زیندەیە، بەشێکیان پێیان وایە مادام ناوی نەهاتووە ئەوا کەسێکی ترە نەك خدری زیندە، هەروەك خودا لە قورئاندا لە سورەتی (الكهف) ئەو بەسەرهاتەمان بۆ دەگێڕێتەوە. دەفەرموێت: ((قَالَ لَهُ مُوسَىٰ هَلْ أَتَّبِعُكَ عَلَىٰ أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْدًا))، (قورئانی پیرۆز 30: 66). واتە موسا بەو بەندەیە دەڵێت کە دەتوانم لەگەڵت بم یان بەدوات بکەوم و فێری ئەوەم بکەیت کە تۆ فێری بوویت، بەشێك لە زانایانی بواری تەفسیر پێیان وایە کە ئەو بەندەیە حەزرەتی (خضر) بووە کە لە کوردەواریدا پێیان گوتووە خدری زیندە، ئەوانەی لەو باوەڕەدان کە ئەو پیاوە خدری زیندە بێت ئەوا هەر بەسەرهاتێك و ڕووداوێك پەیوەندی بەم پیاوەوە هەبێت ئەوا بە ئایینی دادەنێن، ئەوانەش کە لەو باوەڕەدا نین ئەوا بەسەرهاتەکانی حەزرەتی خدر هەمووی بە ئەفسانە و شتی ناڕاست ناودەبەن.

یەکێکی تر لە سیماکانی ئەو پیاوە نوورانییە ئەوەیە کە دوای یارمەتیدانی کەسی لێقەوماو لەپڕ ون دەبێت و کەس نازانێ بۆ کوێ دەڕوات هەروەك لە ڕۆمانەکەدا هاتووە کە خدری زیندە خۆی نیشانی ژنێك دەدات کە درەنگ هاتۆتەماڵەوە هەندێك ترسی لێ نیشتووە وەك لەسەر زاری ئەو کارەکتەرە دەڵێت: ((گوێم لە کروزانەوەی ئافرەتێ بوو.. پیاوێکی سپی پۆش وەك فریشتە، سەروپۆتەلاك مواوی، لە کەلاوە هاتە دەر، گڕ و هاوار هەڵسا.. سەری گومانی هەڵبڕی، سپی پۆش، بووە پارووی بەنانی..!))، (بۆتانی،2011: 370). ئەمە یەکێکی ترە لە ئاکارەکانی ئەو پیاوە نوورانییە کە لە پڕ ون دەبێت و کەس نازانێ بۆ کوێ دەچێت.

یەکێکی تر لە بنەماکانی ئایین باوەڕهێنانە بە پیاوچاکان، ئەوانەی نەماون و گۆڕەکانیان ماون کە لەناو کوردەواریدا زۆر ناوی لێنراوە وەك (ئەسحابە، شەخص، مەرقەد، پیر، مەزار... هتد) ئەم بیروباوەڕە تەشەنەی کردووە و زێدەڕۆیی تێدا کراوە، هەتا وای لێهاتووە خەڵك بۆ مراد و ئاواتەکانیان سەردانی پیاوچاکانیان کردووە و داوای مرادیان لێ کردوون، ئەمەش لە ڕاستیدا وێناکردنی مرۆڤەکانە بە پیاوی چاك، ئەم وێناکردنە نەوە لە دوای نەوە زیاتری خراوەتە سەر و کۆمەڵێك تایبەتمەندی داوەتە پیاو چاکان. ئەوەی لەم ڕۆمانەدا ئاماژەی پێدەکرێ باوەگوڕ گوڕی کەرکوکە کە پڕ بووە لە نەوت، بەڵام خەڵکی سادە و کاڵفامی کورد وایان زانیووە ئەمە پیاوچاکە و داوای کوڕیان لێکردووە و گوتویانە ((باوەگوڕ گوڕ، بە گوڕ هاتم، بۆ کوڕ هاتم..))، (بۆتانی، 2011: 82)، هەرچەندە یۆنگ باوەڕی وایە کە دەکرێت هەندیك بیروباوەڕ و دابونەریت گۆڕانکارییان بەسەربێت یان کەم ببنەوە، ئەم داواکردنەی مراز و ئاواتەکان جاران زۆرتر بوون لە ئێستا چونکە خەڵکی پێشان زیاتر چینی نەخوێندەوار بوون.

لە لاپەڕە (213)دا دەگەڕێتەوە بۆ ئایینە کۆنەکانی ڕۆژهەڵات، ((لە خەویا ئینانا عەشتار زایەڵەی لێدا، گوێی زرینگایەوە.. داوای پشیلەیەکی کێوی کرد:

- چڕنووك دەگرێ!
- پشیلەی بێ نینۆك و چڕنووکم دەوێ!
- نیە.. پشیلەیەك چڕنووك نەگرێ، دەبێتە چێشکەی پاساری!

چۆلەکەت بۆ بێنم؟!

هاتە پاڵی.. هەرچی هەبوو، لەخۆیدا ماڵی.. پەلاماری ڕوویدا.. بە چرنووك کەوتە گیانی.. گازێکی لەسەریی لووتی گرت.. لێی کردەوە، بەخەبەرهات..)).

ڕۆماننووس گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی کۆنی ڕۆژهەڵات، سەردەمی خواوەندەکانی ئاشووری و بابلی، بەتایبەت (ئینانا) عەشتار کە خواوەندێکی بە دەستەڵاتی سەردەمی خۆی بووە، هەروەك (ناجح المعموری) لە بارەی ئەو خواوەندە دەڵێت: ((بەناوبانگترین خواوەندی بابلی و ئاشوورییەکان بووە، (ئینیانا) یان (ئینانا) ناوی دەرکردووە...))، ((المعموری، 2006: 64)، کاتێك پەرستش بۆ خواوەند دەکرێت بە شان و باڵی هەڵدەدرێت، ئەگەر خوداوەندەکە نێر بوایە ئەوا بە شان و شەوکەت و هێزەکەیان هەڵدەدا، بەڵام ئەگەر خوداوەندەکە (مێ) بوایە، واتە ئافرەت بوایە ئەوا بە ناسکی و جوانی و دەستڕەنگینییان هەڵدەدا، ئەمەش ڕێچکەی درێژبۆتەوە هەتا سەردەمی شیعر، ئێستا ئێمە پێمان وایە کە باسی شیعر کرا واتە وەسفی ژن و بە بەژن و باڵا هەڵدانی ژن، لە لایەکی ترەوە کە سەردەمی ژن سالاری هاتە پێشەوە، پیاو شیعر و ئەدەبی خستە خزمەت حاکمی دەوڵەت کە ژن بووە، بۆیە ئەمە لە نەستی ئێمەدا ماوەتەوە و کە ئێستاش لە شیعر و گۆرانیدا وەسفی ژن و خۆشەویستی بۆ ژن پانتاییەکی زۆری داگیر کردووە.

- لە لاپەڕە (561)ی ڕۆمانەکەدا ڕۆمانووس دەگەڕێتەوە سەردەمی زەردەشت و باسی سروودەکانی (گاتا) دەکات هەروەك دەڵێت: ((سروودی ئاوێستایان بۆ دەور دەرکردەوە، گاتاکانیان دەوتەوە بێ بڕوا بوو..))، ڕۆماننووس دەیەوێت بەبیر ئێمەی کورد بهێنێتەوە کە ئێمەی کورد لە کۆندا ئایینێکمان هەبووە بە ناوی زەردەشتی و پەیامەکەشی ئاڤێستا بووە و گاتاکان سروودی ئەو ئایینەن، ئەم لە نەستی ئێمەدا ماوەتەوە و پێمان وایە کە باب و باپیرانی ئێمە لەسەر ئەو ئایینە بوون و دواتر لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام ئێمە وازمان لە ئایینی باب و باپیران هێناوە و ئایینی نوێمان وەرگرتووە، واتە هەر شتێکمان بەرامبەر ئەم ئایینە هەیە بەبێ ئەوەی لەو سەردەمەدا ژیابین و تەنانەت ڕەنگە زۆربەمان کتێبە ئایینەکەشمان نەبینیبێت ئەوەی ئەو کارە دەکات و ئەو هەستەمان لا درووست دەکات زانیاری مێژوویی و لێکچوونی ڕەهەندە ئایینییەکانە، لەبەر ئەوەی کورد لە سەرەتادا زۆربەی زەردەشتی بووە دەکرێ ڕایەڵەی ئەو ئایینە نەوە لەدوای نەە بۆمان مابێتەوە، واتە ئایین بە شێوەیەك لە شێوەکان بوو بە نەستی گشتی.

ئەوەی لەم ڕۆمانەدا بەدیمان کرد لەبارەی ئایینەوە ئەوەبوو کە لەم سێ چوار نموونەیە، کە ئایین بووەتە نەستی گشتی، وێنە و ڕەمزەکانیش باوەڕبوون بوو بە خودا کە لە هەموو ئایینەکاندا هەیە بەبێ جیاوازی بە چەمکی جیاوازەوە لە ڕووی ماهییەتی خوداوە. هەروەها باوەڕبوون بە پیاوانی ئایینی لەسەردەمی کۆنەوە تا ئێستا زۆرجار ئەم پیاوە ئایینیانە لەگەڵ خەڵکی خۆیان ڕاست نەبوون و لە پەنای ئایینەکەدا خەڵکیان چەواشە کردووە و خۆیان پێ دەوڵەمەند کردووە. یان زۆرجار خەڵکەکە لە نێوان گومان و یەقیندا تێدا ماون نازانن نە بڕوا بکەن نە نەیکەن بۆ نموونە کەسێکی ئایینی وەك (خدری زیندە) کە جێگای مشتومڕە کەسایەتییەکی بەم شێوەیە هەبێت.

### 1.3. ئەفسانە وەك نەستی گشتی لە ڕۆمانی وازییەکانی ڕەشەگۆم

ئەفسانە وەك لە بەشی دووەمیش باسی لێوەکراوە دنیایەکی پڕ لە نهێنی و سەیر و سەمەرەیە، پڕ لە هێڵی سارد و گەرم و خۆشی و ناخۆشییە وەکو ئینسکلۆپیدیایەك وابووە،لە دانانی ئەو ئینسکلۆپیدیایەشدا مرۆڤ سەرکێشی کاروانەکە بووە و نەوە لەدوای نەوە ئەو سەرکێشیەیان لە یەکتری وەرگرتووە و لە ڕێگەی نەستی گشتییەوە ئەم پڕۆسەیە ئەنجام دراوە.

قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤی سەرەتا زۆر دوور و درێژە، واتا ژیانی ئەشکەوت، کە بەپێی سەرچاوەکانی مێژوویی بۆ سەدان هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، بە کۆمەڵایەتی بوون کە هۆیەکی پێشکەوتنی مرۆڤە لە هەمان کاتدا سیمایەکی لەمێژینەی مرۆڤیشە، ((ئەشکەوت ماڵ و گوند و ئاوەدانی و شاری ئەوان بوو هەروەها بە خێزان و بە کۆمەڵی تێدا ژیاون، خێزان بە شێوەیەکی ئەو وەختە ژیانێکی نەوە لەدوای نەوە، ئەم شێوە ژیانەش هۆیەکە بۆ گواستنەوە و لێك وەرگرتنی ئەو دابونەریتە سەرەتاییە و بەرە و زۆرکردن و پیرۆزکردنی دابونەریتەکان..))، (حەسەن،2007: 125)، ئەگەر سەیری ژیانی مرۆڤ و زۆر لە ئاژەڵان بکەین دەبینین بەیەکەوە بە کۆمەڵ دەژین، ئەمەش تەرزی سەرەتایی پێکەوەژیانی مرۆڤەکانە کە درێژبۆتەوە بۆ ئێستا کە ئێمە هەر لەخۆمانەوە بێ ئاگایی خۆمان ناتوانین بە تەنیا بژین واتا ماڵێك بە تەنیا ناتوانێت بژیت، لە ماڵپەڕی صدى ذاكرة القصة المصرية (2019)دا هاتووە: ((ئەفسانە پێویستییەکی کۆمەڵگایە، هەروەك خەون پێویستییەکی تاکە، ئەفسانە بە دابونەریت هەژمار کراوە و هەتا پلەی پیرۆزیش چووە، پەیوەندی نێوان ئەفسانەکان و بۆنەکان ئەمە خۆی ئامرازێك بووە کە مرۆڤ بگاتە پیرۆزییەکان)).

یەکێك لە هۆکارەکانی پیرۆزکردنی ئەفسانە، بۆنەکان بوون کە بە کۆمەڵ و بە شێوەیەکی ڕێکخراو ئەنجام دەدران، مرۆڤ سەرەتا ئەو بۆنانەی کە ئەنجام دەدا بە نیەتی ئایین وایان دەکرد، کاتێك قوربانیان بۆ خواوەند دەکرد یان داوای یارمەتی و ڕۆزی و منداڵیان لە خواوەندەکان دەکرد نەیاندەزانی ڕۆژێك لە ڕۆژان بیروباوڕ و دابونەریتەکانیان دەبنە ئەفسانە و کەلتور، بۆیە مەولود

ئیبراهیم حەسەن دەڵێت: ((ئەوەی کە لە ئەفسانە سۆمەرییەکانەوە دێتە دەست ئەوەیە ئەفسانەکان لە ناخی ئەو ئایینەوە دێن کە مرۆڤ سەرەتا خۆی لەسەر زەوی دایهێناوە، ئەوەش جارێکی تر ئەوەمان بۆ دووبارە دەکاتەوە کە لە سەرەتا ئایین و ئەفسانە پێکەوە سەریان هەڵداوە هەر یەکەو پشتگیری و تەواوکەری یەکتر بوون..))، (حەسەن، 2007: 86)، نەك هەر پێکەوە لەدایکبوون بەڵکو هەر یەك پاکێج بوون، دواتر کە سەردەمی ئایینە ئاسمانییەکان دێت ئینجا ئەو دابونەریت و بۆنە ئایینی و خواوەندەکان دەبنە ئەفسانە و بە درێژایی هاتنی سەردەمەکان بەردەوام بووە هەتا دەگاتە سەردەمی ئێستامان، میرسیا ئیلیاد دەڵێت: ((ئەفسانە گرنگترین دۆزەرەوەی چەرخی بیستەمە، مرۆڤ هێشتا پاشماوەی ئەفسانەیی لە نەستی خۆیدا هەڵگرتووە. لە ویژدان و خەونەکانیدا زیندوو دەکاتەوە. ئەفسانە کار لە نەست و بیرکردنەوە و ڕەوشتی مرۆڤی هاوچەرخ دەکات بێئەوەی خۆشی پێی بزانێت..))، (مبروك، 2011: 49)، واتە لێرەدایە کە ئەفسانە وەکو پێکهاتەیەکی گرینگی نەستی گشتی مامەڵە دەکات و لەسەردەمی زۆر دێرینەوە هەتاکو ئێساش هەر بەردەوامە و بەردەوامیش دەبێت بە بێئەوەی نەوەکان پێی بزانن پایەکانی ئەفسانەیان لەناخی خۆیاندا هەڵگرتووە و کاریشی کردۆتە سەر بیر و بۆچوون و ڕەوشتی کەسەکان لە سەردەمی ئێستاماندا، یۆنگ لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەو نەستەی کە ئەفسانەی لێ بەرهەم دێت نەستی گشتییە، کە ئەزموون و بیرۆکەکانی بۆ ماوەیی نەوەکانی پێشوو دادەپۆشێت و نوێنەرایەتی ڕێگاکانی بیرکردنەوەی سەرەتایی عەقڵی مرۆڤ دەکات..))، (مبروك، 2011: 78)، واتە ئەزموونی مرۆڤی سەرەتا، بیرەکانی مرۆڤی جاران و دابونەریتەکان بە درێژایی مێژوو دەقیان گرتووە لە نەستی هەمووماندا ماوەتەوە کاریگەریشی لەسەرمان دەبێت، هەندێك لەو ئەزموون و بیرە سەرەتاییانە بوونەتە ئەفسانە و ژیانی مرۆڤی داپۆشیوە، بۆیە نەست کار لە ژیانی تاك و کۆمەڵ دەکات، لە ماڵپەڕی الأوان (2016)دا هاتووە: ((نەست، بەگوێرەی یۆنگ ناکرێت تەنها هێڵێك بێت لە عەقلی تاك، بەڵکو هێزێکە لە دەرەوەی دەسەڵاتمان و کار لە عەقلییەتمان دەکات..)).

لە یادگەی نەوەکانمان دەمێنێتەوە، کاریشمان تێدەکات واتە کار لە هەڵس و کەوت و ڕەفتارەکانمان دەکات، ئەفسانەش وەکو خەونی کۆمەڵگا وایە پێویستی بە زانینی کۆدەکانە بۆ ئەوەی لە هێما و ئاماژەکانی تێبگەیت، ئەو کاتەی خەوتووین خەون دەبینین ئەو خەونە لە کاتی بێداری ئێمەدا کارمان تێدەکات، کە دەڵێین ئەفسانەش خەونی کۆمەڵگایە، کەواتە ئەفسانەش کار لە ژیانی هەموومان دەکات و بە مەبەستی کۆدەنگییەك لە نەستی مرۆڤایەتی دروست دەبێت کە وەکو یەك بڕوانینە گەردوون، ژیان، مردن، تاریکی، دەستەڵات، برسییەتی...هتد. کەواتە ئەفسانە مێژوو دەگێڕێتەوە، مێژوویەك پێش مێژوو کەوتووە کە مێژوو خۆی دەستی پێناگات، واتە سەردەمێکی زۆر دێرین کە ژیانی خەڵك وەکو یەك بوو بیرکردنەوەکان، ژیانی خێزانی زۆر لە یەکتری نزیك بوو لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەو هێما و ئاماژە ئەفسانەییانەی لە ڕۆمانەکەدا هەن جێبەجێیان بکەین و باسیان بکەین.

(( خەون و خەیاڵ، تایەری گەیاندە ئێوارەی ئاسمانی ئەرخەوانی ژێر زەمەنی ونبوو. بلوێری جادووی چینە تەپاوەکانی قەڵا، ئاوازێکی سیحر ئامێزی دەژەند!.. تایەر وەدوای دەکەوت.. هەر دەڕۆیشت و نەیدەگەیشتێ لە جێ نزرگەی ئەستێرەی کاروان کوژەکە نزیك بۆوە ئاوازی جادوو لە مەشخەڵی گڕا ونبوو.. تایەر و ئاگری پیرۆز، بەرەو ڕووی یەك بوونەوە! هەنگاوی نا، لەناو یەکا خۆیان بسمیل بکەن..))، (بۆتانی، 2011: 65)، ئەو کەسایەتییە دەگێڕێتەوە زەمەنێکی دوور چینە تەپاوەکانی قەڵا مەبەستی چینەکانی مێژووی کۆنە کە سەردەمی ئەفسانەکانە چەندی بڕۆین و هەوڵ بدەین پێیان ناگەین، جادوو کە بەشێکی دانەبڕاوە لە ئەفسانە، لە کۆندا وەکو چارەسەرێکی ئایینی سەیرکراوە، لەلایەکی ترەوە لەنەستی گشتیی ئێمەدا ئەوە هەیە کە کاتێك مرۆڤ کارێکی لە سەر ئەرزی واقیع پێناکرێت ئەوا بەخەیاڵ خۆی دەگەیەنێتە ئاوات و ئامانجەکانی، واتە ئەم حالەتە کە هەموو مرۆڤەکان دەیانەوێت بگەڕێنەوە ژیانی ڕابردووی خۆیان بەڵام دەستیان پێناگات ئەگەر لێیان بپرسی بۆچی وادەکەن؟ دەڵێن نازانین، کەواتە لە نەستی هەمووماندا هەیە و بەدەست خۆمان نییە.

لە لاپەڕە 128 و 129 دا هاتووە ((بیری لە ئەفسانەی بۆچوونی مجێور دەکردەوە.. کە چۆن لە شەوی دەیجورا، بوونەوەرە بچووکەکان، لەکەوەڕێی گۆمە ئاوی دڵۆپەیە، بێباکانە. مەلە دەکەن، ژانە ڕێی جنۆکە زەردباوەکان، هاوسەنگ و پارسەنگی عەدەن.. بە سەوڵی قاچ تاراوگە دەبڕن.. پرشکی دڵۆپە، عەدە شەپرزە دەکەن))، مەسەلەی بونەوەری بچووك یان بوونەوەری ئاسمانی ئێستاش جێگەی مشتومڕە، ئەگەر بگەڕێینەوە دەقی ئەفسانە کۆنەکان بوونەوەری سەیر دەبینین وەك لاکەرتك، بوونە کۆتر، پەری... هتد، لاکەرتك واتە تەنها لایەکی هەیە، یەك قاچ و یەك دەست و یەك چاو و لە دەقە ئەفسانەییەکاندا ئەو نموونانەمان بەرچاو دەکەوێ لە نەست و خەیاڵی هەر یەکێکماندا ئەوە هەیە کە جگە لە مرۆڤ بوونەوەری تر هەیە کە هەندێکیان بچووکن لەناو بەحران هەن، لە ئاسمانان هەن دەتوانن بفڕن و بچنە بنی بەحران، جگە لە بوونەوەری بچووك لە ئەفسانەی کوردیدا بوونەوەر هەیە لە دوو توخم وەك پەری شوو بە مرۆڤ دەکات منداڵێکیان دەبێت نیوەی پەری و نیوەکەی تری مرۆڤە یان هەردوو ڕەگەز لە یەك کەسدا کۆبۆتەوە، ((- ڕەشپۆشەکان، ژن بوون.. پیاو بوون..

- دەنگ مێینە.. سینگ و جەستە پیاو!
- ئەشکەوتەکە؟

- پاش چەند هەنگاوێ، تاریکی لوولیدەدا.. کپ کپ.. بێدەنگ و جووڵە و بزوان.. دەتووت دەمی بنی دنیایە!.. هەوایەکی فێنکی لێدەهات!..))، (ل 272). چەند ئاماژەیەکی ئەفسانەیی تێدایە، یەکێك لەوانە ئەوەیە کە جۆرە کەسانێکن لە دەنگدا ڕەگەزی مێن، واتە ئافرەتن، بەڵام لە سینگ و جەستەدا پیاون واتە موویان پێوەیە، گەنجانی ئێستا دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان و خۆیان والێبکەن کە هەردوو ڕەگەزیان تێدا ڕەنگبداتەوە، کە باسی ئەشکەوتیش دەکات دەڵێت دەمی وەکوو بنی دنیا وایە.. لە دەقە ئەفسانەییەکاندا بنی دنیا کە شوێنێکی ئەفسانەییە، زۆر باسی لێوەکراوە جا ئەو بنی دنیایە بن بەحران بێت، یان ژێر زەوی بێت وەك لە دەقی ئەفسانەیی دا هاتووە، ((ناڤێ من پەری ئاورانە و ئەز کچا شاهێ بن هەفت بەحرانێ مە..))، (حەسەن،2007: 116)، لەوانەیە مەسەلەی سەر دنیا و بن دنیا سەرەتا بۆچوونیکی ئایینی بێت، کە ژیانیان تێدا بێت بە تایبەت لە دنیای تردا کە ڕۆژی دواییە-قیامەت-کە ئەوانەی خراپەکارن دەچنە دۆزەخەوە، دۆزەخیش لە بنی دنیایە کە شوێنێکی تاریك و ناخۆشە.

- لە لاپەڕە (421-422) باسی (سوارەی نیقابپۆش) دەکرێت کە ڕۆماننووس دەیەوێت ئەفسانەی ڕۆستەمی زاڵمان بە بیر بێنێتەوە کە داستانێکی قارەمانێتی ئەفسانەییە هەروەك دەڵێت: ((چاوی گێڕا، کەروبار لەسەر ئاخوورِ نەمابوون.. شاڵاوی بۆ ڕەشپۆش برد، هەردوو دەستی ڕەق بوون، بەر لەشی نەکەوت!.. تاکە وەڵامیشی، هێمنی و ناوچادر بوو..))، لە داستان و حەکایەتە ئەفسانەییەکاندا لەم جۆرە کەسانە دەبینین کە دەمامکێکیان داوە، کەس نەیناسێت تەنانەت هەندێك جار لەبەرچاو ون دەبێت، پاڵەوانێکی بەهێزە هەم هێزی جەستە و هەم هێزی دەروونیش هەیە، ئەوەتا شاڵاو بۆ ڕەشپۆش دەبات هەردوو دەستی ڕەق دەبن، من خۆم حەکایەتێکی لەم شێوەیەم لە باوکم بیستووە، ((سوارەی نیقابپۆش هات وەکو بروسك وابوو، گوتی مەمەندی حازری، گوتم بەڵێ حازرم! گوتی: سواربە. بەدووی کەتم.. نە لێم بزر دەبوو.. نەدەگەیشتمێ.. بە غارێ داچۆوە خوارێ هەتا گەیشتە گۆڕەکی.. جەرەوێ هەسپێ خۆی وەمن دا گۆتی لێرەبە.. چۆوە ناو ئەشکەفتێ.. زۆری پێنەچوو.. هاتەوە جۆرکێکی وێبوو کەپ و لێوێ حەفت دێوانی بڕی بوو..)) (باوکم، حەکایەتی حەسەن مەمەندی)، ئەم جۆرە کەسایەتییانە لە هەقایەتی ئەفسانەیی و فۆلکلۆری کوردیدا زۆر بەرچاو دەکەوێت، ئێستاش لەگەڵدابێت ئەوە بۆتە نەستی گشتی لای تاکەکانی ئێمە، کە هەر کاتێك حەکایەتی فۆلکلۆری بۆ بگێڕدرێتەوە یان بیخوێنینەوە پێمان وایە دەبێت لەم جۆرە کەسانەی تێدابێت.

- لە لاپەڕە (430) ڕۆمانەکەدا باسی کەسایەتییەکی تر دەکات، کە لە هزر و یادەوەری ئێمەی کورددا ماوەتەوە ئەویش کەسایەتی (خدری زیندە)یە، ((پەڕینەوە بۆ پڕوپاگەندەی ئاودامان سپیپۆش و دەرکەوتنی خدری زیندە، ئەفسانەی غەیبزان))، جاری پێشوو ڕەشپۆش بوو ئەمجارەیان سپیپۆشە، جلوبەرگی سپی زیاتر سیمایەکی ئایینی پێوەیە بە تایبەتی لە ئایینی ئیسلامدا، ئەو کەسە کە بە خدری زیندە ناوی دەرکردووە لە حەکایەتە فۆلکلۆری و ئەفسانەییەکاندا لەپڕ پەیدا دەبێت و یارمەتی خەڵك دەدات، بۆ مەسەلەی باوەڕ کردن یان باوەڕ نەکردن بە کەسایەتی خدری زیندە خەڵك بۆ دوو بەرە دابەش بوون هەندێکیان باوەڕی تەواویان بە مەسەلەکە هەیە، ئەو جۆرە کەسانە ئێستاش پێیان وایە لە هەر تەنگانەیەك و کێشەیەکدا هەمیشە کەسێك هەیە یارمەتییان دەدات و لە کێشەکە ڕزگاریان دەکات، گروپەکەی تر پێیان وایە کە ئەمە ئەفسانەیە و شتی وا ڕاست نییە، لەناو ڕۆمانەکەشدا ڕۆماننووس ئاوای دارِشتووە کە هەندێك کەس باوەڕی تەواویان پێ هەیە، وەکو (سوارە) کەسایەتییەکی ناو ڕۆمانەکەیە و سوێند دەخوات کە ئەو بینیویەتی و ئەمە خەیاڵ نییە و ڕاستەقینەیە، ((سوارە لە هەموو گێڕەرەوەکان پەرۆشتر و شڵەژاوتر بوو.. سوێند، دوای سوێندی دەخوارد، کە قسەکانی پورە رەحمە، ورێنە و خەیاڵی دەردەدار و داڵغەی خەڵفا و نییە.. خدری زیندەیە و بە هانای هاتووە!))، (بۆتانی، 2011: 372، 373)، ئەو کەسایەتییە بەوە ناوەستێ بەڵکو بەدواداچوون بۆ مەسەلەکە دەکات. دەیەوێت دڵنیا بێت لە خدری زیندە و لە ڕاستی هەبوونیدا دڵی ئاو بخواتەوە، بۆیە ئێشك لە گۆڕستانەکان دەگرێت لە چیا و چۆڵان دەگەڕێت. بەدوای سۆراغی خدری زیندە وێڵ و سەرگەردانە بۆ ئەوەی بگاتە دڵنیایی، ((لە گۆڕستانە کۆنە فەرامۆشکراوەکانی شاری هەزاران ساڵەوە، دەستپێکرد.. یەشکی لە گۆڕی تەختکراوی ژێر پای ڕێبواران گرت))، (بۆتانی، 2011: 412)، جا ئەوانەی باوەڕ بە هەبوونی ئەم کەسایەتییە دەکەن یەقینێکی تەواویان نییە، ئەوانەی باوەڕیش بەهەبوونی ناکەن هەروان بۆیە لەم ناوە ماوەتەوە، بەلام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لە نەستی ئێمەدا ئەوە هەیە کە لە کاتی پێویستی و تەنگانەدا هەمیشە ڕێگایەك بۆ دەرچوون هەیە، هەمیشە کەسێك هەیە یارمەتیمان دەدات، ئەم بۆچوونەش لە پەند و وتەی زانایان ڕەنگی داوەتەوە و کۆدەنگیەکی وەرگرتووە.

لە کۆی ڕۆمانەکەدا لەم نموونانەی باسمان کردن، بەشێك بوون لە ناوەڕۆکی پێکهاتەی نەستی گشتی لە ڕۆمانەکەدا کە ئایین و ئەفسانە زۆر جار پێکەوە بوون، چونکە لەیەکترییەوە نزیکن یان پێکەوە سەریان هەڵداوە.

## ٤. ئەنجامەکان

لە پاش خوێندنەوەی ڕۆمانەکە و شیکردنەوەی دەقەکە، ئەم چەند ئەنجامەمان لەلا گەڵاڵە بوون:

- لەبەرئەوەی نووسەر لەناو ئێش و ئازارەکانی گەلەکەی ژیاوە، بۆیە ئەو پایانەی بوونەتە نەستی گشتی لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری نووسەر باش بۆی چووە و دەستنیشانی کردوون و لەم روانگەیەوە ئایین و ئەفسانەی وەکو دوو سەرچاوەی نەستی گشتیی کۆمەڵگای کوردی دەستنیشانکردوە.
- نووسەر تەنیا باسی ئایینێکی دیاریکراوی نەکردووە، بەڵکو لە ئایینە کۆنەکانەوە دەستپێدەکات.. تا دەگاتە ئایینی ئیسلام و ئەو پایانەی ئایین دیار دەکات کە بوونەتە نەستی گشتی.
- لەئایینە کۆنەکاندا مەسەلەی پیرۆزی ئاگر زەق کراوەتەوە ،هەروەها مەسەلەی گەورەیی ژن و خواوەندی ژن ،کە بە بەژن وباڵای هەڵدراوە ئێستاش لەنەستی گشتیی ئێمەدا ماوەتەوە شیعرو گۆرانی بەباڵای ژندا هەڵدەدەین.
- مەسەلەی باوەڕ هێنان بە نوشتەو دوعا، کەلە ئایینەوە بۆمان ماوەتەوە، جاران دکتۆرو شت کەمبووە، خەڵك بۆ نەخۆشییە دەروونی وجەستەییەکانیش دەچوونە لای پیاوانی ئایینی، بەڵام ئێستاش لەم سەردەمی پڕ لە زانست و تەکنەلۆجیایە خەڵکێك هەیە هەردەچنەلای پیاوانی ئایینی و نوشتەو دوعا دەکەن .
- لەئایینی ئیسلامدا مەسەلەی گەورەیی پیاو لەچاو ژن ،باسکراوە کەپیاوبوون باشترە لە ژنبوون ،ئەمە ئەو ئایەتەی کە باسی ئەوەدەکات پیاوان لە ژنان بەهێزترن، بووەتە نەستی گشتیی وبۆمان ماوەتەوە.
- لە باسی ئەفسانەدا، خورافەش تێکەڵی ئەفسانە کراوە، ئەم لە لێکۆڵینەوەکانیش ڕەنگیداوەتەوە نەك تەنها دەقەکان. لە باسی ئەفسانەدا، ئەفسانەی جیهانی و ئەفسانەی کوردیشی باسکردووە وەکو سەرچاوەی نەستی گشتی لەلای کورد بەڵگەیان بۆ هێنراوەتەوە.
- لەڕۆمانەکەدا باسی خدری زیندە کراوە لەبەینی بڕوابوون و نەبوون تێدا ماوە ،خەڵك نازانێت وەکو باەڕێکی ئایینی سەیری بکات یان وەکو خورافەیەك وهیچی تر ،کەئەمە لەنەستی گشتیی ئێمەدا ماوەتەوە.

## 5. لیستی سەرچاوەکان


**سەرچاوە کوردییەکان**

**کتێبەکان**

- حەسەن، م. (2007) **پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی**. سلێمانی: چاپخانەی رەنج.
- خۆشناو، ف. (2013) **ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بە پێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان**. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
- شەریعەتی، ع. (2014) **مرۆڤ**. سلێمانی: ناوەندی بڵاوکردنەوەی سایە. چاپی سێیەم.
- کەمبڵ،ج. (2008) **دەستەڵاتی ئەفسانە**. هەولێر: دەزگای ئاراس.
- موکری،ك.، رەسول،ش. (1984) **ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی**. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.
- ئابادانی،ع. (2013) **مێژووی ئایینی زەردەشت**. سلێمانی: دەزگای ڕۆشەنبیری جەمال عیرفان.
- ئەنوەر، ك. (2015) **مێژووی ئایینەکان**. سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا. چاپی سێیەم.
- یۆنگ،ك. (2005.) **مرۆڤ و هێماکانی**. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- ئیسماعیل، ڕ.، شەریف، د. (2004) **ئەنترۆپۆلۆجیا**. هەولێر: چاپخانەی ڕێبین. چاپی یەکەم.

**گۆڤارەکان**

- هەینی، ش. (2007/7/5) گەشتی یۆنگ بۆ ئەفریقیای ئیستیوائی (کینیا، ئۆغەندا)، **گۆڤاری رامان**، (2-2)، ل. 114-121.

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

- القران الكريم ، سورة الانعام ، 14: 76. سورة الكهف، 30: 66.
- المعموري، ن. (2007) **أساطير الآلهة في بلاد الرافدين**. دمشق، بيروت، بغداد: دار المدى للثقافة والنشر.
- مبروك، أ. (2011) **الأسطورة والأيدولوجيا**. بيروت، لبنان: مطبعة التنوير.
- يونغ، ك. (2016) **النماذج البدئية واللاوعي الجمعي**. سوريا: دار الحوار للنشر والتوضيع.

**سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان**

- اذربايجاني، مسعود. (2016) قراءة تحليلية في نظريات فرويد ويونغ، علم نفس الدين {ئۆنلاین}. دەستدەکەوێت لە: https://istighrab.iicss.iq/files/investigations/v0zw9vz4.pdf (ڕۆژی سەردان 2020/3/7).
- سەرنوسەرانی ئینسایکلۆپیدیا بریتانیکا. Collective unconscious (2020)، { ئۆنلاین}. دەستدەکەوێت لە: https://www.britannica.com/science/collective-unconscious (ڕۆژی سەردان 2020/3/7).

– عبدالرحمن، فردوس. (2019) قراءة في كارل جوستاف يونج وأسطورته الخاصة {ئۆنلاین}. دەستدەکەوێت لە: https://sadazakera.wordpress.com/2019/03/11/%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%A7%D8%A8-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%AD%D9%85%D9%80%D9%80%D9%80%D8%B1-%D8%A8%D9%82%D9%84%D9%85-%D9%81%D8%B1%D8%AF%D9%88%D8%B3-%D8%B9%D8%A8%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%B1%D8%AD%D9%85%D9%85/ (ڕۆژی سەردان 2020/3/7).

– قنبر، معاذ. (2016) التَّحليل النّفسي للفكر الأسطوري {ئۆنلاین}. دەستدەکەوێت لە: https://www.alawan.org/2016/09/05/%D8%A7%D9%84%D8%AA%D9%91%D8%AD%D9%84%D9%8A%D9%84-%D8%A7%D9%84%D9%86%D9%91%D9%81%D8%B3%D9%8A-%D9%84%D9%84%D9%81%D9%83%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B3%D8%B7%D9%88%D8%B1%D9%8A/ (ڕۆژی سەردان 2020/3/7).

– يعقوب، أ. حلمي القمص. (2014) كيف وُلِدت الأسطورة؟ وكيف كانت نظرة المفكرين لها؟، كتاب النقد الكتابي: مدارس النقد والتشكيك والرد عليها {ئۆنلاین}. دەستدەکەوێت لە: https://st-takla.org/books/helmy-elkommos/biblical-criticism/267.html (ڕۆژی سەردان 2020/3/7).

**فەرهەنگەکان**

– Matsumoto, David. (:2009) The Cambridge Dictionary Of Psychology. New York: Cambridge University Press.

## ثنائية الدين والأسطورة مكونتان للاشعور الجمعي في رواية "وازيیەکانیڕەشەگۆم" لكاكە مە م بوتاني

**مظفر مصطفى إسماعيل** — جامعة سوران - فاكلتي تربية

**سيروان جبار امين** — جامعة سوران - فاكلتي آداب

**الملخص:**

هذاالبحث الموسوم بـ(ثنائيةالدين والأسطورة مكونتان للاشعور الجمعي في رواية (وازيیەکانی ڕەشەگۆم) لكاكەمەم بوتانی)، تتناول اللاشعورالجمعي الذى يقصدمنه التفريط في العادات والتقاليد التى أقدم إليها الإنسان قديما وحديثا ،ونقلت إلينا جيلا بعد جيل عن طريق اللاشعورالجمعي،ومستمرإلى يومناهذا.

وإن كارل غوستاف يونغ إذ يعتقد هذا العالم أن هناك مجموعة من ذكريات وراثيه خاصة في ذهن الإنسان تعود إلى العصور القديمة جدا ،وتعد من بدايات اللاشعور عنده، الدين والاسطورة اثنتان من الاسس المهمة، تنقلان تلك العادات والمراسيم الدينية والاجتماعية إلى الاجيال القادمة.

ويتكون هذاالبحث من ثلاثه فصول وعدة من المباحث، بين في المبحث الاول مصطلح اللاشعور وتعريفاته، ثم ألقى الضوء بإيجاز على مصطلحات الدين، والدين القديم وتعريفاته، وذكرت في المبحث الثانى المصطلحات المتعلقة بالاسطورة وتعريفاتها، مع البحث عن الاسطورة الكوردية، أماالمبحث الثالث فقد خصت لتطبيق المصطلحين المهمين (الدين والاسطورة) في الرواية المدروسة.

**كلمات الاساسيه:** اللاشعور الجمعي ، الدين، الاسطورة، علم النفس.

## Religion and Myth as Two Dimensions of Collective Unconsciousness in Kaka Mam Botany's WazyacaniRashagom

**Mudhafar Mustafa Ismaeel** **Sirwan Jabar Amin**
Department of Kurdish- Faculty of Arts / Soran University

**Abstract**

This research entitled "Religion and Myth as Two Dimensions of Collective Unconsciousness in Kaka Mam Botany's WazyacaniRashagom". It discusses religion and Myth as two dimensions of the collective unconsciousness. It tends to focus on those customs, traditions and assumptions that are continuously practiced and followed unconsciously by humans and have been transferred from a generation to another.

In 1961-1875 the scientist Carrel Gustav reveals this type of unconscious. He believed that there is a set of special genetic memories in the mind of the human beings which dates back to a very ancient time. According to this method, religion and myth are two important aspects that take the role of transferring those social rules, assumptions and traditions to the coming generation.

This research consists of the three chapter and several subchapters, the first chapter discusses unconscious in terms of terminology and definition. It also defines religion and shed the light on the ancient religions and their definitions. The second chapter is dedicated to Myth in terms of both the terminology and the definition with a close reading to Kurdish mythology. The third chapter works on applying these two significant terms (religion and myth) on a literary work by Kaka Mam Botany.

**Keywords:** Collective unconscious, Religion, The legend, Psychology.